خەلیل عەبدوڵڵا

# تاڵەبانی

## لەلوتکەی دەسەڵاتی عێراقدا

2006

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)
سلێمانی ـ گەڕەکی ئاشتی ـ ١٠٤
شەقامی ئاشتی ـ٣٢ ـ ١٠٣٢
ژ.خانوو ـ ٦٢

www.hoshyari.org
govarynovin@yahoo.com

❊ **ناوی کتێب:** سەرۆك تاڵەبانی لەلوتکەی دەسەڵاتی عێراقدا

❊ **ناوی نوسەر:** خەلیل عەبدوڵڵا

❊ **نەخشەسازیو بەرگ:** فەهمی جەلال

❊ **تایپ:** نیازجلال، هەرێم جەزا، لیزان سامی، شاناز رەمزی

❊ **سەرپەرشتیار:** عوسمان حەسەن شاکر

❊ **تیراژ:** ٢٠٠٠ دانە

❊ **ژمارەی سپاردن:** (١٠٢٠) ساڵی ٢٠٠٦

لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک) ساڵی ٢٠٠٦

# پێرست


## پێشەکی ٥

ئایا کاتی ئەوە هاتووە کە باسی قۆناغی دوای (مام جەلال) بکرێت؟ ............ ٧

کوردو بایەخی پۆستی سەرۆك کۆمار ............................................................ ١٣

(مام جەلال ) سەرۆك کۆمارو(سەدام) یش زیندانی .................................... ٢١

پێگەی سەرۆك کۆمار لەدەستووری عێراقدا ................................................. ٣٣

ئاماژەکانی پشت هەڵبژاردنەوەی سەرۆك تاڵەبانی ........................................ ٤١

سەرۆك کۆمار زامنی هاوسەنگیو پابەندبوون بە دەستوور ............................ ٤٩

چۆن دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار زیاد دەکرێت؟ ......................................... ٥٥

لیژنەی هەموارکردنی دەستوورو پێویستی زیادکردنی ................................. ٦١

هاوسەنگی دەسەڵاتەکان لەدەستووری عێراقدا ............................................ ٦٧

سەرۆك کۆمار، پابەندی دەستوور بووە ....................................................... ٧٣

پێگەی سەرۆك کۆمارو سەرۆکی هەرێم لەدەستووردا.................................... ٧٩

رۆڵی سەرۆك کۆمار لەهەموارکردنی دەستووردا ........................................... ٩٣

## پاشکۆ ٩٩

ڕوونکردنەوە ............................................................................................ ١٠١

رسالة إلى الرئيس طالباني ..................................................................... ١٠٣

الرئيس طالباني لم يخرق الدستور ............................................................. ١٠٧

ربما أكبر من مجرد خرق! ........................................................................ ١١١

# پێشەکی

**پرۆسەی ئازادیی عیراق، کۆتایی بەرژێمی دیکتاتۆری بەعس هێناو دەرگای ژیانێکی سیاسیی نوێی لەعیراقدا والاّ کرد. نوێنەرانی گەلی کوردستانیش وەك پێکهاتەیەکی سەرەکی، رۆڵی میحوەری لەهاوکێشە نوێیەکاندا گێڕا. ئێستا گەلی کوردستان پێگەیەکی دیارو بەهێزی لەدەسەڵاتی عیراقدا هەیە. لەوچوارچێوەیەدا هەموو چاودێرێکی سیاسی ناوخۆییو دەرەکی بەبایەخەوە ڕۆڵی سەرۆك تاڵەبانی دەنرخێنن.**

**ئەم نامیلکەیە تایبەت بە رۆڵو پێگەی سەرۆك تاڵەبانی لەعیراقی نوێداو هەموو لایەنەکانی ئەو مەسەلەیە ڕون دەکاتەوەو بایەخی پۆستی سەرۆك کۆمار بۆ کوردو پێگەو دەسەڵاتی لەدەستوورو هەموو مەسەلە پەیوەندیدارەکانی دیکەی ئەو پۆستە دەخاتە ڕوو.**

**نووسەر**

## ئایا کاتی ئەوە هاتووە

## کە باسی قۆناغی دوای (مام جەلال) بکرێت؟

چەند نووسەرو رۆژنامە نووسێکی خۆماڵی لەوتارەکانیاندا کە لەرۆژنامەکانی هەرێمی کوردستاندا بڵاویان کردەوە، باسی قۆناغی دوای (مام جەلال)یان کرد. ئەمە لەکاتێکدایە کە (مام جەلال)لەلوتکەی قۆناغی زێڕینی ژیانی سیاسیو لەترۆپکی دەسەڵاتی عێراقدایە. ئایا ئێستا کاتی ئەوە هاتووە باسی قۆناغی دوای (مام جەلال) بکرێت؟ ئەگەر لاپەڕەکانی ژیانی سیاسی سەرۆکو سەرکردەکان هەڵ بدەینەوە، دەبینین لەحاڵەتی نائاساییدا باسی قۆناغی دوای ئەوان کراوە. دەتوانین لەم ڕووەوە چەند نموونەیەکی زیندوو بهێنینەوە.

(یاسر عەرەفات) ئەو سەرکردەیەی کە ساڵانێکی دوورو درێژ سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەلەستینی کردو بووە سەرۆکی شەرعیو هەڵبژێردراوی دەسەڵاتی فەلەستین هەر چەندە تەمەنیشی هەبوو، تەندروستیشی باش نەبوو، باسی قۆناغی دوای عەرەفات نەدەکرا، ئەو کاتەشی باری تەندروستی بە تەواوی شێواو چووە سەر پێخەفی مەرگ، هەندێ چاودێری سیاسی فەلەستینی بەخەمبارییەوە باسی قۆناغی دوای دەسەڵاتی ئەویان دەکرد.

بەهەمان شێوە (ئاریل شارۆن)ی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل کە باری تەندروستی تێك چوو، چووە نەخۆشخانە، بەشێوەیەکی کاتی بەوەکالەت ئەرکی سەرۆکایەتی حکومەتەکەی بە(ئۆڵمرت)ی جێگری سپێردراو تا ئەو کاتەی پزیشکەکان دوا راپۆرتی پزیشکییان لەسەر باری خراپی تەندروستی شارۆن پێشکەش بە ناوەندی بڕیاری سیاسی ئیسرائیل نەکرد،





گۆڕانکاری حکومی نەکراو باسی قۆناغی دوای ئەو نەکرا. ئەوە نۆساڵ زیاترە (تۆنی بلیر) سەرۆك وەزیرانی بەریتانیایە، تازە باسی ئەوە دەکرێت کە بلێر تا ساڵێکی تر واز لەپۆستی سەرۆك وەزیران بهێنێو لەدوای ئەوە باسی قۆناغی دوای ئەو دەکرێت.

لەژیانی سیاسیدا، سەرکردەی حزبەکان پاش ئەوەی لەکۆنگرەی حزبەکانیاندا شکست دەهێننو کاندیدی نوێ شوێنیان دەگرنەوە، ئیدی باسی قۆناغی دوای ئەوان دەکرێت. لەژیانی حوکمڕانی وڵاتاندا، ئەو سەرۆك دەوڵەت یان سەرۆك وەزیرانەی کە خۆیان بۆ خولێکی نوێی سەرۆکایەتی دەپاڵێونو لەهەڵبژاردندا دەرناچنەوە، لەدوای ئەوە باسی قۆناغی دوای ئەوان دەکرێت.

لەبەر رۆشنایی ئەو راستییانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێکردن، ئایا رەوایە لەم کاتەدا باسی قۆناغی دوای (مام جەلال )بکرێت؟

وەڵامی ئەم پرسیارە بە نەخێر دەدەمەوە، چونکە (مام جەلال) ئەو سەرکردە شۆڕشگێڕەیە کە بە خەباتو تێکۆشانو ماندوو بوونو لێوەشاوەیی خۆی، گەیشتووەتە ئەو ڕۆژەی کە لەوڵاتێکی وەك عێراقدا کە بە مەتحەفی ئەجناس ناسراوە، بەبێ رکابەر بۆ جاری دووەم بەسەرۆك کۆمار هەڵبژێردرێتەوە.

واتە (مام جەلال) بە دەنگی زیاتر لە ٢/٣ی دەنگی نوێنەرانی پێکهاتە ڕەنگاو ڕەنگەکانی عێراق بۆ چوار ساڵی سەرۆکایەتی هەڵبژێردرایەوەو بەپێی دەستوری هەمیشەیی عێراقیش دەتوانێت خۆی بۆ

خولێکی دیکەی سەرۆکایەتیش بپاڵێوێتەوە. واتە (مام جەلال) بەشێوەیەکی شەرعیو دەستووری تا چوار ساڵی تر سەرۆك کۆمارەو لەدوای ئەوەش دەرگای سەرۆکایەتی لێ کلۆم نادرێو دەتوانێ بۆ چوار ساڵی دیکەش خۆی بپاڵێوێتەوە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی.

ئەوەشی کە تێبینی دەکرێت (مام جەلال) تەندروستی باشەو ڕۆژانە چالاکی سیاسی جۆراو جۆری هەیەو یەکێکە لەسەرکردە چالاكو هەڵسوڕاوەکان. ئیدی بۆچی باسی قۆناغی دوای (مام جەلال) دەکرێت، یان ڕاستر وایە بلێین چۆن دڵیان دێت باسی قۆناغی دوای ئەو سەرکردە خۆشەویستە بکەن کە هەموو ژیانی خۆی بۆ هێنانە دی مافەکانی گەلەکەی تەرخانکردووەو دۆستو دوژمن شاهیدی بە توانایيو لێوەشاییو کارامەیی بۆ دەدەن، ئەوەتا سەرۆکی بەهێزترین وڵاتی جیهان (جورج بۆش) لەچەند بۆنەیەکدا بەڕێزو شانازییەوە باسی ڕۆڵی (مام جەلال) دەکات.

(مام جەلال) چۆن رابردوویەکی پڕ لەشانازی هەیە، بەهەمان شێوە ساڵانی داهاتووشی روونو پرشنگدارەو سەرباری ئەوەی لەترۆپکی دەسەڵاتدایە، پێشبینی ئەوەشی لێ دەکرێت کە خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی وەربگرێت وەك ڕێز لێنانێك بۆ ئەو ڕۆڵە جوامێرانەیەی کە لەپێناوی ئاشتيو ئاسایشی عێراقدا دەیگێڕێت.

لەگەڵ ئەوەی کە (مام جەلال) سەرۆك کۆماری هەڵبژێردراوی عێراقە، سکرتێری گشتی هەڵبژێردراوی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیشە، (مام





جەلال) لەکۆنگرەی دووەمی (ی. ن. ك)دا بەکۆی دەنگی ئەندامانی کۆنگرەو بەبێ رکابەر بەسکرتێری گشتی هەڵبژێردرایەوە، ئەمەش شەرعییەتی ئەوەی دەداتێ کە تاکۆنگرەی سێیەم سکرتێری گشتی بێتو ناکرێت لەم کاتەدا باسی یەکێتی دوای (مام جەلال )بکرێت.

(مام جەلال )هەردوو پۆستی سەرۆك کۆمارو سکرتێری گشتی بەهەڵبژاردن بە دەست هێناوەو چۆن خاوەن ڕابردوویەکی پڕ لەخەباتو تێکۆشانە، ئاوەهاش خاوەن ئایندەیەکی ڕوونو پڕ لەشانازیشە، لەڕووی ئەدەبيو ئەخلاقییەوە کاتی ئەوە نییە باسی قۆناغی دوای (مام جەلال )بکرێت.

## کوردو

## بایەخی پۆستی سەرۆک کۆمار

ئەگەر بەوردی سەیری مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق بکەین، دەبینین ئەم دەوڵەتە لەسەرەتای دامەزراندنییەوە تا ڕۆژی ڕوخاندنی لەنیسانی ٢٠٠٣دا، لەلایەن کەمینەیەکی عەرەبی سونییەوە حوکم کراوەو هەموو پۆستە سیادیو بالاّکان لەدەستی ئەو کەمینەیەدا بووە، زۆرینەی گەلانی عێراق لەکوردو لەشیعە لەو پۆستانە بێبەشکراونو هەمیشە پەراوێزو فەرامۆشکراو بوون.

ئەگەر سەیری دەستوورە کاتییەکانی عێراق بکەین، دەبینین لەو دەستورانەدا زۆربەی دەسەلاّتەکان لەچنگی سەرکۆماردا کۆکراوەتەوەو دانانی سەرکۆماریش بەشێوازی هەڵبژاردن یادەست نیشانکردنی لەلایەن پەرلەمانەوە نەبووە، بەڵکو زیاتر بەدامەزراندن بووە، بۆ نموونە، دەستووری کاتی ساڵی ١٩٥٨ ئەرکی دانانی سەرکۆماری بەئەنجومەنێکی سەروەری بەخشیوە، ئەوەش بەشێوازی دامەزراندن، نەك هەڵبژاردن.

هەروەها دەستووری کاتی ساڵی ١٩٦٨، ئەرکی دانانی سەرکۆمارو جێگیرەکانی بەئەنجومەنی بەناو سەرکردایەتی شۆڕش بەخشیوە بۆ ئەوەی لەناو ئەندامەکانیدا بەدامەزراندن کەسێك بەسەرکۆمار دابنێت، ئەوەش شێوازێکی یاساییو دیموکراسی نییە، چونکە ئەو ئەنجومەنە گەل متمانەی پێنەبەخشیوە، هەرچەندە لەماددەکانی یەكو دووی دەستووری کاتی ساڵی ١٩٦٨دا ئاماژە بەوە کراوە کە عێراق دەوڵەتێکی دیموکراتی گەلییەو گەل سەرچاوەی هەموو دەسەلاّتەکانە، بەلاّم هەموو ڕەفتارەکانی ئەو ڕژێمە دژ بەدیموکراسی بووەو بەبێ متمانە گەل هەموو دەسەلاّتەکان لەدەست





سەرۆكو ئەنجومەنی بەناو سەرکردایەتی شۆڕشدا کۆکرابویەوە، تەنانەت ئەو ئەنجومەنە، دەسەلاّتی دەرکردنی یاساو بڕیاری هەبووە، کە ئەمەش پێچەوانەی یاسایەو دەبێت پەرلەمان ئەو کارە بکات.

بەدرێژایی مێژووی دەوڵەتی عێراق، کورد لەپۆستو پایە بالاّکانی دەوڵەت دوورخراوەتەوە، ئەگەر هەندێ جاریش لەسەردەمی پاشایەتی، یاخود لە سەردەمی کۆماریدا، هەندێ پۆستی وەزارەتەکان بەکورد سپێردرابێ، ئەوا ئەو پۆستانە لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی کردنی گەلی کورد نەدراوە، بەڵکو ئەو کەسانە دڵسۆزی ئەو ڕژێمانە بوونو وەك فەرمانبەرێك سیاسەتو بەرنامەی ئەوانیان جێبەجێکردووەو هەر لەو چوارچێوەیەدا هەرگیز کورد پۆستی سەرکۆماری وەرنەگرتووە.

لەدوای ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس، هەلومەرجێکی زێرین بۆ کورد هاتە گۆڕێ، بۆ ئەوەی نوێنەرانی کورد لەناوەندی دەسەلاّتی سیاسی عێراقدا کاربکەنو بەرگری لەمافەکانی کورد بکەن، ئەوە بوو نوێنەرانی کورد ڕۆڵی دیاریان لەئەنجومەنی حوکمو ئەنجومەنی سەرۆکایەتیو ئەنجومەنی وەزیرانو سەرۆکایەتی پەرلەمانو وەزارەتەکاندا گێڕاو وا چاوەڕوان دەکرێت لەقۆناغی دوای هەڵبژاردندا، نوێنەرانی متمانە پێبەخشراوی گەلی کوردستان لەناوەندی بالاّی داڕشتنی بڕیاری سیاسی عێراقدا ڕۆڵی دیارترو کاراتر بگێڕن.

زۆربەی ئاماژەکان ڕوو لەوەن کە ئەم جارە کورد پۆستی سەرکۆمار بەدەست بهێنێت. ئەمەش دەبێتە چەسپاندنی ئەو ڕاستییەی کە کورد

شەریکی ئەساسییە لەم وڵاتەداو هەموو هاووڵاتیان لەبەردەم یاسادا یەکسانن‌و هیچ جیاوازییەك لەنێوان هیچ هاووڵاتییەکدا ناکرێت لەسەربنەمای نەتەوە، ئایین، مەزهەب، هەروەك لەچەند بڕگەیەکی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقدا ئاماژەی پێدراوە.

گرنگی پۆستی سەرکۆمار چییە؟ لەکاتێکدا لەسیستمی پەرلەمانیدا، ئەنجومەنی وەزیران دەزگایەکی کارایەو تەماسی زیاتر لەگەڵ خەڵکدا هەیە. سەرەڕای ئەو ڕاستییە، پۆستی سەرکۆمار بایەخی تایبەتی خۆی هەیەو دەتوانین ڕۆڵو دەسەلاتی لەدووتوێی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق دا دەربهێنن

ـ بەپێی ماددەی (٣٥)ی یاساکە دەسەلاتی جێبەجێکردن لەدوو ئەنجومەن پێك دێت، ئەوانیش ئەنجومەنی سەرۆکایەتی‌و ئەنجومەنی وەزیرانە.

ئەنجومەنی سەرۆکایەتی لەسەرکۆمارو دووجێگر پێك دێت.

ـ بەپێی ماددەی (٣٦)ی یاساکە، کۆمەڵەی نیشتمانی سەرکۆمارو دوو جێگرەکەی بەیەك لیستو بەزۆرینەی دەنگی ٢/٣ی ئەندامەکانی هەڵدەبژێرێت.

مەرجەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی هەمان ئەو مەرجانەیە کە تایبەتن بەپاڵێوراوانی ئەنجومەنی نیشتمانی کە لەماددەی ٣١ی یاساکەدا باسی کراوە.

بێجگە لەو مەرجانە دەبێت چەند مەرجێکی تریشیان تێدا بێت لەوانە:





١ـ تەمەنی لە٤٠ ساڵ کەمتر نەبێت.

٢ـ خاوەنی ناوبانگی باش‌و ڕەوشتی بەرزو سەر ڕاست بێت.

٣ـ بەر لەڕووخانی ڕژێم بە دەساڵ ڕیزەکانی حزبی بەعسی بەجێهێشتبێت، ئەگەر ئەندامی ئەو حزبە بووبێت.

٤ـ بەشداری لەسەرکوتکردنی ڕاپەرینی ١٩٩١و ئەنفال دا نەکردبێت‌و تاوانی دژی گەلانی عێراق ئەنجام نەدابێت.

ـ بەپێی بڕگەی (ج)ی ماددەی (٣٦)ی یاساکە هەموو بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بەکۆی دەنگ دەدرێت.

ئەرك‌و دەسەلاتی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی:

١ـ ئەرکی سەرەکی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی نوێنەرایەتیکردنی سەروەری عێراق‌و سەرپەرشتی کردنی کاروبارە باڵاکانی وڵات دەبێت.

٢ـ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، دەسەلاتی ڤیتۆکردنی هەر یاسایەکی هەیە کە کۆمەڵەی نیشتمانی دەریدەکات. ئەمەش لەدوای (١٥) ڕۆژ لەمێژووی ئاگادار کردنەوەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی لەلایەن کۆمەڵەی نیشتمانییەوە لەو یاسایە. لەدوای ڤیتۆکردن، یاساکە دەگێڕدرێتەوە بۆ کۆمەڵەی نیشتمانی، ئەویش سەرلەنوێ دەتوانێت بەدەنگی ٢/٣ی ئەندامانی لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا پەسەندی بکاتەوە، ئیدی بواری تانەلێدانی نابێت لەلایەن ئەنجومەنی سەرۆکایەتییەوە.

**٣- ئەنجومەنی سەرۆكایەتی مافی دەست نیشانكردنو ناونانی سەرۆك وەزیرانی بەكۆی دەنگی ئەندامانی هەیەو دواتر كۆمەڵەی نیشتمانی متمانەی پێدەبەخشێت.**

**٤- بەرەزامەندی ئەنجومەنی سەرۆكایەتی، ئەنجومەنی وەزیران نوێنەران دەست نیشان دەكات بۆ گفتوگۆكردن لەسەر بەستنی پەیماننامەو رێكەوتننامەی نێودەوڵەتی، هەر لەوچوارچێوەیەدا ئەنجومەنی سەرۆكایەتی كۆمەڵەی نیشتمانی رادەسپێرێت بۆ دەركردنی یاسا بۆ پەسەندكردنی ئەو پەیماننامەو رێكەوتننامانە.**

**٥ـ لەبۆنەو ئاهەنگەكاندا، ئەنجومەنی سەرۆكایەتی ئەركی سەركردایەتی باڵای هێزە چەكدارەكانی لەئەستۆدایە.**

**هەرچەند ئەو ئەنجومەنە لەكاتی تردا مافی فەرماندەیی ئەو هێزانەی نییە، بەڵام مافی ئاگاداربوونو پرسیاركردنو راوێژی هەیە، ئەركی فەرماندەیی، لەئەستۆی سەرۆك وەزیرانو وەزیری بەرگریو فەرماندە باڵاكانی سوپادایە.**

**٦ـ ئەنجومەنی سەرۆكایەتی، لەسەر ڕاسپاردەی ئەنجومەنی باڵای دادوەری، دەسەڵاتی دامەزراندنی سەرۆكو ئەندامانی دادگای باڵای هەیە.**

**٧ـ ئەنجومەنی سەرۆكایەتی، لەسەر ڕاسپاردەی دەزگای نەزاهەتی گشتیو لەدوای پەیڕەوكردنی ڕێو شوێنی یاسایی، دەتوانیت ئەندامی ئەنجومەنی وەزیرانو تەنانەت سەرۆك وەزیرانیش لاببات.**

**٨ـ بەڕەزامەندی ئەنجومەنی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بەرێوەبەری گشتی دەزگای هەواڵگریو گەورە ئەفسەرانی سوپا لەعەمید بەرەو ژوور دادەمەزرێنێت.**





**دواتر ئەو دامەزراندنانە لەلایەن كۆمەڵەی نیشتمانییەوە بەزۆرینەی سادەی دەنگی ئەندامانی ئامادەبوو پەسەند دەكرێت.**

**٩- ئەنجومەنی سەرۆكایەتی ڕۆڵی لەچارەسەركردنی كێشەكانی دوو توێی ماددەی (٥٨)ی یاساكەدا هەیە، لەوچوارچێوەیەدا، ئەنجومەنی سەرۆكایەتی لەگەڵ حكومەتی گواستنەوەدا دەتوانێت ڕاسپاردە پێشكەش بە كۆمەڵەی نیشتمانی بكات بۆ چارەسەركردنی گۆڕانكاریی سنورە ئیدارییەكانی ئەو ناوچانەی لەو ماددەیەدا هاتووە.**

**ئەگەر ئەنجومەنی سەرۆكایەتی نەیتوانی لەسەر ئەو مەسەلەیە ڕێك بكەوێت، دەبێ بەكۆی دەنگ ناوبژیوانێكی بێلایەن دابمەزرێنێت بۆ لێكۆلینەوە لەكێشەكەو پێشكەشكردنی ڕاسپاردە، ئەگەر ئەنجومەنی سەرۆكایەتی نەیتوانی لەسەر ناوبژیوانی بێلایەن ڕێك بكەوێت، دەبێت داوا لەسكرتێری گشتی نەتەوەیەكگرتووەكان بكرێت بۆ ئەوەی كەسایەتیەكی نێودەوڵەتی ناودار بۆ ئەو ناوبژیوانییە دەست نیشان بكات.**

**ئەنجومەنی سەرۆكایەتی، كەسەركۆمار سەرۆكایەتی دەكات، ئەو هەموو ئەركو دەسەڵاتانەی هەیە كە لەماددەكانی یاسای بەرێوبردنی دەوڵەتی عێراقدا دیاریكراون. هەربۆیەش وەرگرتنی ئەو پۆستە بۆ كورد بایەخێكی گەورەی هەیەو بۆ یەكەمجار لەمێژووی دەوڵەتی عێراقدا كوردێك بەپێی یاساو بەمتمانەی خەڵكو پەرلەمان لەلوتكەی هەرەمی دەسەڵاتدا دەبێت.**

## (مام جەلال ) سەرۆک کۆمارو

## (سەدام) یش زیندانی





ئەگەرلاپەڕەکانی مێژووی حوکمڕانی عێراق هەڵبدەینەوە، دەبینین لە زۆربەی قۆناغە جیا جیاکانی پاشایەتی و کۆماریدا، پۆستە باڵاکانی

دەوڵەت لەدەست کەمینەیەکی عەرەبی سونیدا بووەو زۆرینەی گەلانی عێراق لەکوردو شیعە لەو پۆستانە بێبەش و پەراوێزکراوبوون.

لەدەستوورە کاتییەکانی سەردەمی کۆماریشدا ، دانانی سەرکۆمار لەڕێی هەڵبژاردنی خەڵك، یاخود متمانەپێدانی پەرلەمانەوە نەبووە ، کەدوو شێوازی دیموکراسی دانانی سەرۆکن. دانانی سەرۆك لەو دەستوورانەدا بەشێوازی دامەزراندن بووە نەك هەڵبژاردن، بۆ نموونە دەستووری کاتی ساڵی ١٩٥٨ ئەرکی دانانی سەرکۆماری بەئەنجومەنی سەروەری بەخشیوە، ئەو ئەنجومەنەش ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراوی خەڵك نەبووەو بەشێوازی دامەزراندن سەرۆکی داناوە، هەروەها دەستووری کاتی ساڵی ١٩٦٨ ، ئەرکی دانانی سەرکۆمارو جێگیرەکانی بەئەنجومەنی بەناو سەرکردایەتی شۆڕش بەخشیوە بۆ ئەوەی لەناو ئەندامەکانیدا بەدامەزراندن کەسێك بەسەرکۆمار دابنێت، ئەوەش شێوازێکی دیموکراسی نییە، چونکە ئەو ئەنجومەنە گەل متمانەی پێنەبەخشیوە، بەڵکو لەڕێی کودەتاوە دەسەڵاتی گرتووەتە دەست. هەرچەندە لەماددەکانی یەك‌و دووی دەستووری کاتی ساڵی ١٩٦٨دا ئاماژە بەوە کراوە کە عێراق دەوڵەتێکی دیموکراتی گەلییەو گەل سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتەکانە، بەڵام ڕەفتارەکانی ڕژێمی بەعس دژ بەدیموکراسی بووەو بەبێ متمانەی گەل هەموو دەسەڵاتەکان لەدەست سەرۆك‌و ئەنجومەنی بەناو سەرکردایەتی شۆڕشدا کۆکرابویەوە. تەنانەت ئەو ئەنجومەنە، دەسەڵاتی دەرکردنی





یاساشی هەبووە، ئەوەش پێچەوانەی یاسایەو تەنها پەرلەمان دەسەڵاتی دەرکردنی یاسای هەیە.

لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە تاڕووخاندنی ڕژێمی بەعس، لەزۆربەی حکومەتەکاندا، پۆست و پایە باڵاکانی دەوڵەت بەکورد نەدراوە، ئەگەر هەندێ جاریش لەسەردەمی پاشایەتی یاخود کۆماری، هەندێ پۆست بەچەند کوردێك سپێردرابێت، ئەوە سپاردنی ئەو پۆستانە لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی کردنی گەلی کورد نەبووە، بەڵکو زۆربەی ئەو کەسانە دڵسۆزی ئەو ڕژێمانە بوون‌و وەك فەرمانبەرێك سیاسەت‌و بەرنامەی ئەوانیان جێبەجێکردووەو هەر لەو چوارچێوەیەداو بەدرێژایی مێژووی حوکمڕانی عێراق، هەرگیز کورد پۆستی سەرکۆماری وەرنەگرتووە.

لەدوای ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس، هەلومەرجێکی زێرین بۆ کورد هاتە گۆڕێ، نوێنەرانی کورد لەناوەندی دەسەڵاتی سیاسی عێراقدا ڕۆڵی دیاریان لەئەنجومەنی حوکم و داڕشتنی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق و ئەنجومەنی سەرۆکایەتی‌و ئەنجومەنی وەزیران‌و سەرۆکایەتی پەرلەمان‌و وەزارەتەکاندا گێڕا.

ئەو هەلومەرجە نوێیە زەمینەی ئەوەی ڕەخساند، کە گەلی کوردستان لەشێوازێکی نوێی خەباتی سیاسی و کەرنەڤاڵێکی دیموکراسیداو لەڕێی سندوقەکانی دەنگدانەوە چارەنووسی خۆی دیاربکات و لەو چوارچێوەیەدا لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کە لەژێر چەتری لیستی هاوپەیمانی

کوردستاندا کۆبوبونەوە ، توانیان داستانی گەورەی سەرکەوتن تۆمار بکەن و ٧٥ کورسی پەرلەمان بەدەست بهێنن و لەدوای لیستی ئیئتلافی عێراقی یەکگرتوو، لەپلەی دووەمدا بن، بەوەش بەشێوەیەکی یاسایی و شەرعی سەنگ و قورسایی گەلی کوردستان لەعێراقی نوێدا دەرکەوت و ئەوەش وایکرد کە بەدەنگێکی دلێر داوای پشکی شایستەی خۆی لە پۆست و داهات و دەسەڵاتی وڵاتدا بکات. لەبەر ڕۆشنایی دەرەئەنجامەکانی هەڵبژاردن و بەپێی عورفی سیستمی پەرلەمانی پۆستی سەرۆك وەزیران دەدرێت بەو لیستەی کە ڕێژەی یەکەمی دەنگەکان بەدەست دەهێنی و لەسەر ئەو بنەمایە پۆستی سەرۆك وەزیران بەلیستی ئیئتلافی عێراقی یەکگرتوو درا، لەدوای پۆستی سەرۆك وەزیران، پۆستی سەرکۆمار دێت و بەپێی هەمان عورف و بنەمای سیستمی پەرلەمانی ئەو پۆستەش بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بەخشرا کە هەڤاڵ (مام جەلال )سەرۆکایەتی دەکات و لەلایەن گەلی کوردستانەوە بەهەموو لایەن و پێکهاتەکانیەوە بۆ ئەو پۆستە پاڵێوراوە.

دەبێ بایەخی پۆستی سەرکۆمار بۆ کورد چی بێت، کە بە بەپێی سیستمی پەرلەمانی بەشێکی زۆری دەسەڵاتەکان بەئەنجومەنی وەزیران دەسپێردرێت و زۆربەی کاروبارەکان لەرێی ئەوەوە ڕایی دەکرێت. سەرباری ئەو ڕاستییانە پۆستی سەرکۆمار گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیەو بۆ کوردیش ئەو بایەخە دووبەرابەرە، چونکە لە مێژووی عێراقدا ئەمە بۆ یەکەمجارە بەشێوەیەکی دیموکراسی و بەمتمانەی پەرلەمان دەرگای





کۆشکی کۆماری بۆ سەرکردەو خەباتگێڕێکی کورد واڵا دەکرێت و لە لوتکەی هەرەمی دەسەڵاتدا دەبێت، ئەمە ئەو ڕاستییەکە وەك ڕۆژی روون دەدرەوشێنێتەوە کە ڕۆژانی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و قەلاچۆکردن و نکلولێکردن لەمافەکانی گەلی کورد بەسەرچووەو ئەم گەلەش وەك گەلانی تری ئەم وڵاتە لەخاك و سامان و دەسەڵاتدا هاوبەشەو وەك ئەوان هاونیشتمانی پلە یەکەو لەچوارچێوەی یاسادا وەك ئەوان وایەو هەموو مافێکی ئەوانی هەیە بەبێ جیاوازی، ئەو بنەمایانەش لەچەندین ماددەو بڕگەی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقدا ئاماژەی پێکراوەو نوێنەرانی هەموو پێکهاتەکانی عێراق ئیمزایان کردووە.

بوونی کوردێك لەو پۆستە باڵایەدا وادەکات کە ئاگاداری هەموو یاساو بڕیارە ناوخۆیی و پەیوەندییە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکان بێت.

بێجگەلەوە دەتوانین ڕۆڵ و دەسەڵاتی سەرکۆمار لەدوو توێی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق دا هەڵبهێنجین .

- بەپێی ماددەی (٣٥)ی یاساکە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەدوو ئەنجومەن پێك دێت، ئەوانیش ئەنجومەنی سەرۆکایەتیو ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەنجومەنی سەرۆکایەتی لەسەرکۆمارو دووجێگر پێك دێت.

- بەپێی بڕگەی(أ)ی ماددەی (٣٦)ی یاساکە، کۆمەڵەی نیشتمانی سەرکۆمارو دوو جێگرەکەی بەیەك لیستو بەزۆرینەی دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامەکانی هەڵدەبژێرێت. بەپێی بڕگەی (ج)ی ماددەی (٣٦)ی

هەمان یاسا، هەموو بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بەکۆی دەنگ دەدرێت.

ئەمەش ئەرك و دەسەڵاتی ئەنجومەنی سەرۆکایەتییە:

١. ئەرکی سەرەکی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی نوێنەرایەتیکردنی سەروەری عێراقو سەرپەرشتیکردنی کاروبارە باڵاکانی وڵات دەبێت.

٢ـ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، دەسەڵاتی ڤیتۆکردنی هەر یاسایەکی هەیە کە کۆمەڵەی نیشتمانی دەریدەکات. ئەمەش لەدوای (١٥) ڕۆژ لەمێژووی ئاگادارکردنەوەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی لەلایەن کۆمەڵەی نیشتمانییەوە لەو یاسایە. لەدوای ڤیتۆکردن، یاساکە دەگێڕدرێتەوە بۆ کۆمەڵەی نیشتمانی، ئەویش سەرلەنوێ دەتوانێت دوو لەسەر سێی ئەندامانی لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا پەسەندی بکاتەوە، ئیدی بواری تانوت لێدانی نابێت لەلایەن ئەنجومەنی سەرۆکایەتییەوە.

٣ـ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی مافی دەست نیشانکردنو ناونانی سەرۆك وەزیرانی بەکۆی دەنگی ئەندامانی هەیەو دواتر کۆمەڵەی نیشتمانی متمانەی پێدەبەخشێت.

٤ـ بەرەزامەندی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، ئەنجومەنی وەزیران نوێنەران دەست نیشان دەکات بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بەستنی پەیماننامەو ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی، هەر لەوچوارچێوەیەدا ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمەڵەی نیشتمانی رادەسپێرێت بۆ دەرکردنی یاسا بۆ پەسەندکردنی ئەو پەیماننامەو ڕێکەوتننامانە.





٥ـ لەبۆنەو ئاهەنگەکاندا ،ئەنجومەنی سەرۆکایەتی ئەرکی سەرکردایەتی باڵای هێزە چەکدارەکانی لەئەستۆدایە.

هەرچەند ئەو ئەنجومەنە لەکاتی تردا مافی فەرماندەیی ئەو هێزانەی نییە، بەڵام مافی ئاگاداربوونو پرسیارکردنو راوێژدانی هەیە، ئەرکی فەرماندەیی، لەئەستۆی سەرۆك وەزیرانو وەزیری بەرگریو فەرماندە باڵاکانی سوپادایە.

٦ـ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، لەسەر ڕاسپاردەی ئەنجومەنی باڵای دادوەری، دەسەڵاتی دامەزراندنی سەرۆكو ئەندامانی دادگای باڵای هەیە.

٧ـ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، لەسەر ڕاسپاردەی دەزگای نەزاهەتی گشتیو لەدوای پەیڕەوکردنی ڕێو شوێنی یاسایی، دەتوانیت ئەندامی ئەنجومەنی وەزیرانو تەنانەت سەرۆك وەزیرانیش لاببات.

٨. بەرەزامەندی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، ئەنجومەنی وەزیران، بەڕێوەبەری گشتی دەزگای هەواڵگریو گەورە ئەفسەرانی سوپا لەعەمید بەرەو ژوور دادەمەزرێنێت.دواتر ئەو دامەزراندنانە لەلایەن کۆمەڵەی نیشتمانییەوە بەزۆرینەی سادەی دەنگی ئەندامانی ئامادەبوو پەسەند دەکرێت.

٩. ئەنجومەنی سەرۆکایەتی رۆڵی لەچارەسەرکردنی کێشەکانی دوو توێی ماددەی (٥٨)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقدا هەیە، لەوچوارچێوەیەدا، ئەنجومەنی سەرۆکایەتی لەگەڵ حکومەتی گواستنەوەدا دەتوانێت ڕاسپاردە پێشکەش بە کۆمەڵەی نیشتمانی بکات بۆ

چارەسەرکردنی گۆرانکاریی سنورە ئیدارییەکانی ئەو ناوچانەی لەو ماددەیەدا هاتووە. ئەگەر ئەنجومەنی سەرۆکایەتی نەیتوانی لەسەر ئەو مەسەلەیە رێك بکەوێت، دەبێ بەکۆی دەنگ ناوبژیوانێکی بێلایەن دابمەزرێنێت بۆ لێکۆلینەوە لەکێشەکەو پێشکەشکردنی راسپاردە، ئەگەر ئەنجومەنی سەرۆکایەتی نەیتوانی لەسەر ناوبژیوانی بێلایەن رێك بکەوێت، دەبێت داوا لەسکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بکرێت بۆ ئەوەی کەسایەتییەکی نێودەوڵەتی ناودار بۆ ئەو ناوبژیوانییە دەست نیشان بکات.

١٠.ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، دامەزراندنی بریکاری وەزارەتەکان و باڵوێزو فەرمانبەرە پلە تایبەتییەکان پەسەند دەکات لەدوای ئەوەی کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆی بەرز دەکرێتەوە.

١١.ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، لەسەر داخوازی سەرۆك و بەرێزامەندی زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی، بۆ یەکجار دەسەڵاتی درێژکردنەوەی ماوەی نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستووری هەیە بۆ شەش مانگی ترو نابێت ئەوە ماوەیە جارێکی تر درێژ بکرێتەوە.

ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، کەسەرکۆمار سەرۆکایەتی دەکات، ئەو هەموو ئەرك‌و دەسەڵاتانەی هەیە کە لەماددەکانی یاسای بەرێوبردنی دەوڵەتی عێراقدا دیاریکراون. هەربۆیەش وەرگرتنی ئەو پۆستە لەلایەن مام جەلالەوە بایەخێکی گەورەی هەیەو بۆ یەکەمجار لەمێژووی دەوڵەتی عێراقدا کوردێك بەپێی یاساو بەمتمانەی پەرلەمان لەلوتکەی هەرەمی





دەسەڵاتدا دەبێت. بێگومان مایەی شانازییە بۆ سەرکردەیەکە وەك (مام جەلال )لەم هەلومەرجە سەختەدا پۆستی سەرکۆماری عێراقی ، کۆماری، فیدرالی ، دیموکراسی، فرەیی پێدەبەخشرێت. (مام جەلال )ئەو سەرکردە تێکۆشەرەیە کە ساڵانێکی دوورو درێژە لەپێناوی هێنانە دی عێراقێکی ئازادو دیموکراسدا خەبات دەکات و لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شۆرشی نوێ و رابەرایەتیگردنی ئەو شۆرشەدا ، (مام جەلال )چەندین تێزی نوێی هێنایە نێو فەرهەنگی شۆرشەوە، کە ئێستا بوونەتە بنەماو کۆڵەکەی سەرەکی عێراقی نوێ، لەو چوارچێوەیەدا ئاماژە بە چەند دروشمێك دەکەین ، لەوانە دروشمی دیموکراسی بۆ عێراق لەو سەردەمە سەخت و تاریك و توونەدا بەرزکرایەوەو هەزاران تێکۆشەری گەلەکەمان لەو پێناوەدا گیانی خۆیان کردە خەڵات و ئەوە دوو ساڵە رژێمی دیکتاتۆری رووخاوەو ئاڵای دیموکراسی دەشەکێتەوە.و دیموکراسی بۆتە بنەمایەکی سەرەکی عێراقی نوێ‌و لەیاسای بەرێوەبردندا جێگیر کراوە. هەرلە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆرشی نوێداو لەکاتێکدا فکری شمولی و دیکتاتۆری باڵی بەسەر بەشێکی زۆری وڵاتاندا کێشابوو، بیرۆکەی فرەیی لەهەناوی (ی.ن.ك) دا چەکەرەی کردو یەکێتی بووە چەتری کۆکردنەوەی بیرو بۆچوونە جیاوازەکان.ئێستا فرەیی بووە بە یەکێك لەبنەماو کۆڵەکە سەرەکییەکانی عێراقی نوێ. فیدراڵییش یەکێکە لەو دروشمانەی کە بیرۆکەکەی بۆ (مام جەلال )دەگەرێتەوە، لەو چوارچێوەیەدا (یەتانا دویخ نەوشا) کە نووسەرێکی مەسیحییە لە ڕۆژی ٥ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٤دا

**نووسینێکی بەناوی (فیدراڵییەکەی تاڵەبانی) لە رۆژنامەی کوردستانی نوێدا بڵاوکردووەتەوەو تییێدا ئاماژە بەوە دەکات کە ساڵی ١٩٨٧ (مام جەلال )لەئیسپانیا موحازەرەیەکی لەسەر هەلومەرجی عێراق و کێشە ناوخۆییەکانی پێشکەش کردووەو تێیدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد پێشنیازی سیستمی فیدراڵی کردووەو لەدوای ئەوەش لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستاندا دروشمی فیدراڵی دروشمی بانگەشەی هەڵبژاردنی لیستی (ی.ن.ك)بوو ، دواتر لەڕێی پەرلەمانی کوردستانەوە ئەو دروشمە بووە بە دروشمی ناوەندی گەلی کوردستان و دواتر دروشمی فیدراڵی بۆ عێراق بووە بە دروشمی ئۆپۆزسیۆنی عێراق و لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقیش، دروشمی فیدراڵی لەیاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق و بڕیاری ژمارە (١٥٤٦)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا جێگیر کرا، جێگەی شانازییە کە ئەمرۆ (مام جەلال )سەرکۆماری ئەو عێراقە فیدراڵییە کە (١٨) ساڵ لەمەوبەر لەسەردەمێکی سەخت و دژواردا پێشنیازی سیستمی فیدراڵی بۆ کردووەو ئێستا ئەو سیستمە چەسپیوەو دیکتاتۆرو جەللادەکانی رژێمی بەعسیش لەزینداندا چاوەڕوانی وەرگرتنی سزای تاوانە گەورەکانیان دەکەن.**

# پێگەی

# سەرۆک کۆمار لەدەستووری عێراقدا

بەپێی دەستوری نوێ، سیستمی حوکمڕانی عێراق سیستمێکی پەرلەمانییە، لەوجۆرە سیستمەدا دەسەڵاتەکان جیادەکرێنەوەو زۆربەی دەسەڵاتەکان دەدرێت بە ئەنجومەنی وەزیران‌و ئەو ئەنجومەنە تەماسی ڕاستەوخۆی لەگەڵ کۆمەلآنی خەڵکدا دەبێت. ئەوەی لەدەستوری نوێشدا تێبینی دەکرێت سەبارەت بە ئەنجومەنی وەزیران هەر بەوشێوەیەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دەستورە پێگەو دەسەڵاتی سەرۆك کۆماری دیاری کردووەو لەلوتکەی هەرەمی دەسەڵاتدا شوێنی دیارو شایستەی خۆی هەیە.

بەپێی ماددەی (٦٧)ی دەستوور، سەرۆك کۆمار سەرۆکی دەوڵەتەو ڕەمزی یەکێتی نیشتمانەو نوێنەرایەتی سەروەری وڵات دەکات.

بەپێی ماددەی (٦٨)ی دەستور، ئەوکەسەی خۆی بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری وڵات دەپاڵێوێت دەبێت چەند مەرجێکی تێدابێت لەوانە:

١ـ لەعێراق لەدایك بووبێت‌و دایك‌و باوکی عێراقی بێت.

٢ـ ئەهلیەی تەواوی هەبێ‌و تەمەنی چل ساڵی تەواو کردبێت.

٣ـ ناوبانگی باش بێت‌و لەسیاسەتدا شارەزابێت‌و بەدەست پاکی‌و ڕاستی‌و دادپەروەری‌و دڵسۆزی بۆ نیشتمان ناسراوبێت.

٤ـ بەتاوانێکی ئابڕوبەر حوکم نەدرابێت.

٥ـ نابێت لەوکەسانەبێت کە حوکمی دەستەی باڵای ڕیشەکێش کردنی بەعسی دەیگرێتەوە.





بەپێی ماددەی (٧٠)ی دەستوور، هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار لەڕێی پەرلەمانەوە دەبێت‌و پاڵێوراوی ئەو پۆستە پێویستە زۆرینەی ٢/٣ ی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان مسۆگەر بکات، ئەوەش پشتیوانی زۆربەی نوێنەرانی پێکهاتە سەرەکییەکانی ناو پەرلەمانی دەوێت.

بەپێی ماددەی (٧٢)ی دەستور، ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆك چوار ساڵ دەبێت‌و ئەو سەرۆکە هەڵبژێردراوە دەتوانێت بۆ خولێکی دیکەی سەرۆکایەتی خۆی بپاڵێوێتەوە.

بەپێی ماددەی (٧٣)ی دەستور، سەرۆك کۆمار ئەم دەسەڵاتانەی هەیە:

١ـ لەسەر داخوازی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت لێبوردنی تایبەت دەربکات. بەپێی دەستورەکە بۆ لێبوردنی تایبەت مەرجی ئەوە دانراوە کە لێبوردنەکە حوکمدراوانی مافی تایبەت‌و تاوانی نێودەوڵەتی‌و تیرۆریستی‌و گەندەڵی دارایی‌و کارگێڕی ناگرێتەوە.

٢ـ پەسەندکردنی پەیماننامەو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان دوای ئەوەی لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند دەکرێن.

٣ـ پەسەندکردنی ئەو یاسایانەی کە لەلایەن پەرلەمانەوە دەردەچن.

٤ـ بانگهێشتکردنی پەرلەمان بۆ کۆبوونەوە لەدوای (١٥) ڕۆژ لەمێژووی پەسەندکردنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن.

٥ـ لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆك وەزیران، مەدالیاو نیشانە دەبەخشێت.

٦ـ پەسەندکردنی باڵیۆزی وڵاتان.

٧ـ دەرکردنی مەراسیمی کۆماری.

٨ـ پەسەندکردنی ئەو حوکمانەی لەسێدارەدان کەلەلایەن دادگا تایبەتەکانەوە دەردەچن.

٩ـ ئەرکی سەرکردایەتی باڵای هێزە چەکدارەکان دەگرێتە ئەستۆ بەمەبەستی تەشریفاتو ئاهەنگێڕان.

١٠ـ سەرۆك کۆمار، بۆی هەیە داوای دانیشتنی نائاسایی پەرلەمان بکات، کۆبوونەوەکەش تایبەت دەبێت بەو بابەتەی کە داوای کۆبوونەوەکەی بۆکراوە.

١١ـ سەرۆك کۆمار، دەسەڵاتی درێژکردنەوەی وەرزی یاسادانانی پەرلەمانی هەیە بۆ ماوەیەك کە لە ٣٠ ڕۆژ زیاتر نەبێت ئەوەش بۆ تەواوکردنی ئەو ئەرکانەی کەوا دەخوازن.

١٢ـ سەرۆك کۆمار دەتوانێت پرۆژەی یاسا پێشکەش بە پەرلەمان بکات.

١٣ـ سەرۆك کۆمار دەتوانێت داخوازییەك پێشکەش بە پەرلەمان بکات بۆ متمانە وەرگرتنەوە لەسەرۆك وەزیران.

١٤ـ سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران بەهاوبەشی دەتوانن داوای ڕاگەیاندنی جەنگو باری نائاسایی بکەن، ئەوەش پێویستی بە ڕەزامەندی زۆرینەی ٢/٣ ی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان هەیە.

١٥ـ هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامان، پێویستی بە ڕەزامەندیی سەرۆك کۆمار هەیە.





١٦ـ لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەماندا، سەرۆك کۆمار داوای سازدانی هەڵبژاردنی گشتی دەکات کە نابێت لە٦٠ڕۆژ تێپەر بکات لەمێژووی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانەوە.

١٧ـ دوای یەکەم دانیشتنی پەرلەمان، لەماوەی ١٥ڕۆژدا سەرۆك کۆمار پاڵێوراوی گەورەترین فراکسیۆنی ناو پەرلەمان لەڕووی ژمارەوە ڕادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی کابینەی ئەنجومەنی وەزیران.

١٨ـ بەهەر هۆیەك پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران چۆڵ بێت، سەرۆك کۆمار جێگەی دەگرێتەوە.

١٩ـ سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران پێکەوە بۆیان هەیە پێشنیازی هەموارکردنی دەستور بکەن.

٢٠ـ دوای هەر هەموارکردنێکی دەستور بە ٢/٣ی دەنگی ئەندامانی پەرلەمانو ڕاپرسی گشتی گەل، دەبێت سەرۆك کۆماریش پەسەندی بکات.

بەپێی برگەی شەشی ماددەی(٦١)ی دەستوری نوێ، پەرلەمان بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی دەسەڵاتی ئەوەی هەیە لەسەر داوایەکی هۆدار لەسەرۆك کۆمار بپرسێتەوە.

هەروەها پەرلەمان دەتوانێت بە دەنگی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی سەرۆك کۆمار لەسەر کارلابدات لەدوای ئەوەی لەلایەن دادگای باڵای فیدراڵییەوە بەیەکێك لەم سێ تۆمەتەی خوارەوە تۆمەتبار دەکرێت:

**(١ـ شکاندنی سوێندی یاسایی ٢ـ پێشێلکردنی دەستوور ٣ـ خیانەتی گەورە).**

**بەپێی ماددەی(١٣٨)ی دەستوور دەستەواژەی(ئەنجومەنی سەرۆکایەتی) جێگەی دەستەواژەی(سەرۆك کۆمار) دەگرێتەوە لەهەر شوێنێکی دەستووردا هاتبێ.**

**لەم خولەی سەرۆکایەتیدا، کار بە دەستەواژەی(ئەنجومەنی سەرۆکایەتی)دەکرێتو دواتر کار بە دەستەواژەی(سەرۆك کۆمار) دەکرێتەوە. بەو پێیە، پەرلەمان سەرۆك کۆمارو دوو جێگر هەڵدەبژێردرێت کە پێکەوە ئەنجومەنێك پێك دەهێنن بەناوی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، ئەم هەڵبژاردنەش بە لیستو بە زۆرینەی ٢/٣ی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان دەبێت.**

**ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بڕیارەکانی بە کۆی دەنگ دەردەکاتو هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دەتوانێت دوو ئەندامەکەی تر بە نوێنەری خۆی دابنێت.**

# ئاماژەکانی
# پشت هەڵبژاردنەوەی سەرۆک تاڵەبانی

رۆژی ٢٢ی نیسانی ٢٠٠٦، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەزیاتر لە ٢|٣ی دەنگی ئەندامانی، سەرۆك تالەبانی بەبێ مونافس بۆ خولی دووەمی سەرۆكایەتی بۆ چوار ساڵی ئاینده هەڵبژاردەوە.ئەمە لەكاتێكدایە كەسەرۆكی دەسەڵاتە باڵاكانی تری وەك ئەنجومەنی وەزیرانو كۆمەڵەی نیشتمانی گۆڕان.لەو چوارچێوەیەدا (د. ئیبراهیم جەعفەری) سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانو (حاجم ئەلحەسەنی) سەرۆكی كۆمەڵەی نیشتمانی پۆستەكانیان لەدەستداو كورسی دەسەڵاتیان بەجێهێشت.

ماناو مەغزای سیاسیی هەڵبژاردنەوەی سەرۆك تالەبانی بۆ پۆستی سەرۆكایەتی چییە؟

هەڵبژاردنەوەی سەرۆك تالەبانی ماناو دەلالەتی گەورەی هەیەو دەكرێت ئاماژەكانی پشت هەڵبژاردنەوەی لەچەند ڕەهەندو گۆشەنیگایەكەوە بخوێنینەوە.

١- سەرۆك تالەبانی، لەماوەی ئەو ساڵە دژوارەی قۆناغی گواستنەوەدا كە سەرۆكایەتی عێراقی كرد، وەك سەرۆكێكی بەتواناو پیاوی ڕۆژە سەختەكانو سەرۆكی هەموو پێكهاتەكانی گەلانی عێراق مامەڵەو ڕەفتاری كرد، بەیەكسانی سەیری هەموانی كردوبۆ بەرژەوەندی هەمووان كاریكرد، بەوەش بووە جێگەی متمانەی هەمووان، هەرئەوەش وایكرد كە نوێنەرانی لیستە سەركەوتووەكانی هەڵبژاردن جەخت لەسەر مانەوەی لەپۆستی سەرۆك كۆماریدا بكەنەوەو پاڵێوراوی هیچ لیستێك بۆ ئەو پۆستە مونافسەی نەكات، بەوەش كۆدەنگییەكی نیشتمانی بۆ





هەڵبژاردنەوەی سەرۆك تالەبانی پێكهات. ئەوەش سەروەرییەكی گەورەیە بۆ سەركردەیەكی كورد. بەپێچەوانەی ئەوەوە كەسێكی وەك جەعفەری سەرباری ئەوەی لیستەكەی زۆرینەو پلەی یەكەمی لەهەڵبژاردنـدا بەدەست هێناو بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران پاڵاوتی، بەڵام بەهۆی ئەوەی كە لیستەكانی دیكە لەهەڵسوكەوتو ڕەفتاری تاكڕەوانەی ئەو ساڵەی حوكمڕانی جەعفەری ڕازی نەبوون، ڕەتیانكردەوەو لیستی ئیئتلاف بەناچاری پاڵێوراوەكەی گۆڕی و (جەواد مالكی) كاندید كرد.

٢-یەكگرتووی لیستی هاوپەیمانی كوردستانو دووبارە كاندیدكردنەوەی سەرۆك تالەبانی بۆ پۆستی سەرۆك كۆمارو پشتیوانی كردنی حزب وڕێكخراوە سیاسییەكانی هەرێمی كوردستان لێی، پێگەی سەرۆك تالەبانی لەبەغدا بەهێزتر كرد.

٣- دڵنیایی نوێنەرانی پێكهاتەكانی تری گەلانی عێراق لەسەرۆك تالەبانی وایكردكە هەموویان كۆك بن لەسەر هەڵبژاردنەوەی بۆ خوولی دووەمی سەرۆكایەتیو مونافەسەی نەكەن.

٤-سەرباری پشتیوانی كوردستانی و عێراقی ، سەرۆك تالەبانی پشتیوانی نێودەوڵەتیو تەنانەت هەرێمایەتیشی بەدەست هێناو هیچ وڵاتێك نارەزایی نیشان نەدا بۆ هەڵبژاردنەوەی، بەڵكو بەگەرمی پێشوازییان لە هەڵبژاردنەوەی كرد. سەرۆكو پادشاو بەرپرسانی زۆرینەی وڵاتانی خۆرئاواو ئەوروپاو عەرەبیو ئیسلامی پیرۆزباییان لێكرد.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیانەدا، بایەخی هەڵبژاردنەوەی سەرۆك تاڵەبانی بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری عێراق بۆ چوار ساڵی ئاینده چییه؟ کەبەپێی دەستووری عێراق دەسەڵاتەکانی زیاتر پرۆتۆکۆڵێن‌و زۆربەی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن بەدەست ئەنجومەنی وەزیرانەوەیە، سەرباری ئەوە دەتوانین گرنگی بایەخی ئەو پۆستە بۆ گەلانی عێراق بەگشتی‌و گەلی کوردستان بەتایبەتی لەم چەند خاڵەدا چڕبکەینەوە.

١-سەرۆك تاڵەبانی وەك سەرۆکێکی هەڵبژێردراوو متمانە پێدراوی نوێنەرانی گەلانی عێراق، ماوەی چوار ساڵ لەقۆناغێکی هەستیاردا سەرۆکایەتی عێراق دەکات‌و شوێن پەنجەی بەبیناکردنەوەی تەلاری دەوڵەتی نوێی عێراقەوە دیار دەبێت‌و لەماوەی ئەو چوار ساڵەدا دەتوانێت بەرنامەکانی خۆی لەهەموو بوارەکاندا جێبەجێ بکات.

٢-شوێنی سەرۆك تاڵەبانی لەلوتکەی هەرەمی دەسەڵاتدا، بەپێی دەستوور حەسانەو ئیمتیازی سەروەری پێدەبەخشێت. بەو پێیە سەرۆك کۆمار سەرۆکی دەوڵەت‌و ڕەمزی یەکێتیی نیشتمانییەو تەمسیلی سەروەری وڵات دەکات‌و شەوخونی دەکات بۆ مسۆگەرکردنی پابەند بوون بەدەستوور، ئەوەش زەمانەتێکی بەهێزە بۆ پاراستنی مافی گەلانی عێراق بەگشتی‌و مافەکانی گەلی کوردستان بەتایبەتی کە لەو دەستوورەدا بەرجەستەکراوە.

٣-بەحوکمی پۆستی سەرۆك کۆمار، سەرۆك تاڵەبانی دەتوانێت پەیوەندییەکی بەرفراوان لەگەڵ دەوڵەتانی دەرەوەو ڕێکخراوە





نێودەوڵەتییەکاندا ببەستێت. ئەوەش ڕەنگدانەوەی باشی دەبێت بۆ بەهێزکردنی ڕایەڵی پەیوەندییەکانی عێراق بەدنیای دەرەوە.

٤-سەرۆك تاڵەبانی، بەحوکمی پۆستەکەی ئاگاداری سەرجەم ئەو پەیماننامەو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیانە دەبێت کە عێراق لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا ئیمزای دەکات، چونکە هەموو ئەو پەیماننامەو ڕێکەوتننامانە، دوای پەسەندکردنیان لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە، پێویستی بەپەسەندکردنی سەرۆك کۆمار هەیە، ئەوەش مایەی ئاگاداری‌و دڵنیایی گەلی کوردستانە سەبارەت بە هەموو پەیماننامەو ڕێکەوتننامەکان.

٥-سەرۆك تاڵەبانی بەحوکمی پۆستەکەی، دەبێت هەموو یاساکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پەسەند بکات، تادووجار بۆی هەیە یاساکان بگێڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران بۆ دەستکاریکردنی، دواجار دەبێت ئەنجومەنی نوێنەران بەزۆرینەی ٣|٥ی دەنگی ئەندامانی یاساکە پەسەند بکات، ئەوەش زەمانەتێکە بۆ هەر یاسایەك کە لەبەرژەوەندی گەلی کوردستان نەبێت‌و دەبێت دواجار بەدەنگی ٣|٥ی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران پەسەند بکرێت، ئەوەش ڕێژەیەکە کە دەنگی زیاتر لەلیستێکی ناوپەرلەمان‌و تارادەیەك تەوافقی گەرەکە.

٦-هەرگۆڕانکارییەك لەدەستووردا بکرێت بێجگەلە لەرەزامەندی ٢|٣ی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران‌و ڕەزامەندی گەل بەراپرسی، پێویستی بەڕەزامەندی‌و پەسەندکردنی سەرۆك کۆماریش هەیە، ئەوەش

زەمانـەتێکی دەسـتوورییە بـۆ پاراسـتنی مافـەکانی گـەلی کوردسـتان لەدەستووردا.

٧-سەرۆك کۆمار ڕۆڵی هەیە لەچارەسـەرکردنی کێشەکانی دوو تـوێی ماددەی ٥٨ی یاسـای بـەڕێوەبردنی دەوڵـەتی عێـراق کـە ئێـستا بـووە بـە مـاددەی ١٤٠ی دەسـتووری عێـراق ، لەوچوارچێـوەیەدا ئەنجومـەنی سەرۆکایەتی دەتوانێت ڕاسپاردە پێشکەش بەئەنجومەنی نوێنەران بکات بۆ چارەسەرکردنی گۆرانکارییەکانی سنوورە ئیدارییەکانی ئەو ناوچـانەی کـە لەو ماددەیەدا هاتووە.

٨-بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆك کۆمار لەلایەن سـەرۆك تاڵەبانییـەوە، کەپۆسـتێکی بـالای سـەروەری و لوتکـەی هـەرەمی دەسـەلاتە ، بـەمانای ئەوەیە گەلی کوردستان گەلێکی ئەساسییەو هیچی کـەمتر نییـە لەگـەلی عەرەب، ئەوەش بەمانای ئەوە دێت کـە هاوولاتیـانی هـەرێمی کوردسـتان هاوولاتی پلە یەکن و لەماف و ئەرکدا یەکسانن.

٩-بێجگە لەو دەسەلاتانەی کە لەدەستووردا بۆ سەرۆك کۆمار دانـراوە، لەم خولەی سـەرۆکایەتیدا سـەرۆك کۆمـاری دەسـەلاتێکی تریـشی هەیـە، ئـەویش ئەوەیـە کـە سـەرۆکایەتی (ئەنجومـەنی سیاسـی بـۆ ئاسایـشی نیـشتمانی)دەکـات کـە ئەنجومـەنێکی گـرنگ و هەسـتیارەو پەیوەنـدی بەرژەوەندی بالای نیشتمانییەوە هەیە.

# سەرۆک کۆمار

## زامنی هاوسەنگی و پابەندبوون بە دەستوور

لەدوای ڕژێمی پاشایەتییەوە، بۆ یەکەم جارە کە عێراق خاوەنی دەستوورێکی هەمیشەیی بێت‌و دەستوورەکەش وەك دەستووری هەر وڵاتێکی دیموکراسی لەلایەن نوێنەرانی پێکهاتە جیاجیاکانی گەلانی عێراقەوە دارێژراوەو لەڕێی ڕاپرسی‌و سندوقەکانی دەنگدانەوە هاووڵاتیان پەسەندییان کردووە. ئەمەش بۆ یەکەم جارە لەمێژووی عێراقدا کە دەستوور بەو شێوازە دیموکراسییە بەرجەستە بکرێت.

ئێستا عێراق خاوەنی دەستورێکی هەمیشەییەو لەو کاتەی کە حکومەتی نوێی عێراق لەبەر ڕۆشنایی ئەو دەستوورەدا دامەزراوە، دەستوورەکە چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەوەی جێگەی پرسیاری ئێمەیە ئایا بە تەنها بوونی دەستوور زامنی پاراستنی مافەکانی گەلانی عێراقە، یاخود جێبەجێکردنی بڕگەو ماددەکانی دەستوورەکە دەستەبەری پاراستنی مافەکانی هاووڵاتیانی پێکهاتە جیاجیاکانە.

کێ چاودێری جێبەجێکردنی دەستوور دەکات‌و ئەگەر دەستوور پێشێلکرا کاردانەوەی پێکهاتە جیاجیاکان چی دەبێت؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە دەبێت بە وردی سەیری ماددەکانی دەستوور بکەین‌و وەڵامەکانمان لەوێوە هەڵهێنجین. ماددەی ٦٧ی دەستوور ئەرکی زامنبوونی پاراستنی دەستووری بە سەرۆك کۆمار سپاردووە، ئەوەش بەو پێیەی کە سەرۆك کۆمار سەرۆکی دەوڵەت‌و هێمای یەکێتی نیشتمانەو تەمسیلی سەروەری وڵات دەکات. لەم ماددەیەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە سەرۆك کۆمار چەتری سەرجەم گەلانی عێراقەو ئەرکی سەرەکی ئەوەیە





کە زامنی پابەندبوون بە دەستوور بکات‌و ڕێگەش لەهەر پێشێلکارییەك بگرێت.

هەر سەبارەت بە مەسەلەی پابەندبوون بە دەستوور، لەدیباجەی دەستووردا زۆر بە ڕوونی ئاماژەی بەوە کردووە کە پابەندبوون بەم دەستووە یەکێتی ئازادانەی گەل‌و خاك‌و سەروەری عێراق دەپارێزێت بە پێچەوانەی ئەوەشەوە هەر هەوڵێك بۆ پێشێلکردنی ماددەکانی دەستوور یەکێتی ئارەزوومەندانەی پێکهاتەکانی گەلانی عێراق دەخاتە مەترسییەوە.

بێجگە لەوەی کە سەرۆك کۆمار زامنی پاراستنی پابەندبوون بەدەستوور مسۆگەر دەکات، هاوسەنگی بڕیاردانیش دەپارێزێت، لەو چوارچێوەیەدا ڕاگەیاندنی شەڕو باری نائاسایی بە تەنها بە یەك ناوەندی بڕیار ناکرێت، بەڵکو دەبێت هەرسێ ناوەندی بڕیاری یاسادانان‌و سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران ڕەزامەندی لەسەر نیشان بدەن. بۆ ئەوەش دەبێت سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران داخوازییەکی هاوبەش پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەران بکەن‌و ئەنجومەنی نوێنەرانیش دەبێت بە دەنگی ٢/٣ی ئەندامانی پەسەندی بکات.

هەر پەیماننامەو ڕێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی کە دەوڵەتی عێراق لەگەڵ دەوڵەتانی تردا ئیمزای دەکات دەبێت سەرۆك کۆماریش پەسەندی بکات لەدوای ئەوەی کە ئەنجومەنی نوێنەران بە دەنگی ٢/٣ی ئەندامانی پەسەندی دەکات.

هەموو ئەو بڕیارو یاسایانەی کە ئەنجومەنی نوێنەران دەریان دەکات ڕەوانەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دەکرێن بۆ ئەوەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کە لەسەرۆک کۆمارو دووجێگرەکەی پێك دێتو بەکۆی دەنگ پەسەندی بکەن. ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بۆی هەیە دووجار ئەو بڕیارو یاسایانە پەسەند نەکاتو بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی بگێڕێتەوە، دواجار دەبێت ئەنجوومەنی نوێنەران بڕیارو یاسا گەڕاوەکان بەدەنگی ٥/٣ ی ئەندامانی پەسەند بکاتو ئیدی بواری ڕەتکردنەوەیان نامێنێو بە پەسەندکراو دادەنرێت.

لەبواری هەمووارکردنی دەستووریشدا سەرۆك کۆمار ڕۆڵی دیاری خۆی هەیە. لەوچوارچێوەیەدا سەرۆك کۆمارو ئەنجومەنی وەزیران پێکەوە مافی پێشنیازکردنی هەموارکردنی دەستوورییان هەیە. هەر بڕگەو ماددەیەکی دەستووریش کە هەمواردەکرێتو ئەنجومەنی نوێنەران پەسەندی دەکاتو گەل لەڕێی ڕاپرسییەوە ڕەزامەندی لەسەر نیشان دەدات. لەدوا وێستگەدا دەگەڕێتەوە لای سەرۆك کۆمارو دەبێت ئەویش گڵۆپی سەوزی بۆ دابگیرسێنێو پەسەندی بکات.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیانەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە سەرۆك کۆمار زامنی جێبەجێکردنی دەستوور دەکاتو هاوسەنگی بڕیاردانیش ڕادەگرێت.

لەوچوارچێوەیەدا ، سەرۆك تاڵەبانی ڕۆڵی دیارو بەرچاوی لەپاراستنی هاوسەنگی نێوان پێکهاتەکان دا بینیوەو وەك سەرۆکی هەموو پێکهاتە





جیاجیاکان ڕەفتاری کردووەو بە یەکسانی سەیری هەمووانی کردووە، هەرئەوەش وایکردووە کە لەهەڵبژاردنەوەیدا بۆ سەرۆك کۆمار کۆدەنگییەکی نیشتمانی لەسەربێت.

سەبارەت بەزامنی جێبەجێکردنی دەستوریش، بە دڵنیاییەوە سەرۆك تاڵەبانی ڕۆڵی دیارو پێشەنگی لەوبوارەدا دەبێتو ئەو متمانە گەورەیەی کە نوێنەرانی گەلانی عێراق لەئەنجومەنی نوێنەران پێیان بەخشیوە بە ئەمانەتەوە دەیپارێزێت.

# چۆن دەسەڵاتەکانی
# سەرۆک کۆمار زیاد دەکرێت؟

ئەوەی جێگەی سەرنجە، ماوەیەکە بەگەرمی باسی زیادکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار لەعێراقدا دەکرێت. وەك ئاشکرایە دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار لەماددەو بڕگەکانی دەستوری نوێی عێراقدا جێگیر کراوە، لەپاش ئەوەی لەلیژنەی نووسینەوەی دەستورو لەنێوان پێکهاتە ئەساسییەکانی کۆمەڵی عێراقیدا مشتومڕی زۆر سەبارەت بەبەندەکانی ئەو دەستورە کراو دواتر پەرلەمانی عێراق ڕەزامەندی لەسەری نیشانداو لەڕێی ڕاپرسیشەوە زۆرینەی گەلانی عێراق پەسەندیان کرد. ئەگەرچی بەپێی دەستوری نوێ، سەرۆك کۆمار لەهەرەمی دەسەڵاتدایەو ڕەمزی یەکێتی نیشتمانەو نوێنەرایەتی سەروەری وڵات دەکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتەکانی زیاتر تەشریفیو پرۆتۆکۆلینو زۆربەی دەسەڵاتە فیعلییەکان دراوە بەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

ئەوەی تێبینی دەکرێت دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقدا زیاتربوون لەدەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار لەدەستوری نوێدا. ئێستا کە باسی پێویستی زیادکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار بۆ ئەم قۆناغە هەستیارەی عێراق دەکرێت. ئایا لەڕووی عەمەلیو یاساییەوە دەتوانرێت ئەو دەسەڵاتانە زیاد بکرێت؟ دەتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بەبەڵێ بدەینەوە. بۆ ڕونکردنەوەی وەڵامەکان، دەڵێین: دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار لەچوارچێوەی ماددەو بڕگەکانی دەستوردا ڕێك خراوەو ئەو دەستورە بەڕاپرسی زۆرینەی گەلانی عێراق پەسەندکراوەو گۆڕینی هەر ماددەو بڕگەیەکی ئەو دەستورە بەزیادکردنی





دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆماریشەوە پێویستی بەڕێوشوێنی یاساییو دەستوری هەیە. لەو چوارچێوەیەدا بەپێی بڕگەی سێی ماددەی (١٢٦)ی دەستور، هەموارکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار لە چوارچێوەی ئەو ماددانەدایە کە دەتوانرێت بەڕەزامەندیی دەنگی ٢/٣ی ئەندامانی پەرلەمانو ڕەزامەندیی گەل بەڕاپرسیو پەسەندکردنی سەرۆك کۆمار ئەنجام بدرێت. بەڵام بەپێی ئەو هەموارکردنانەی کە بەر لەچەند ڕۆژێك لەئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ ڕەشنووسی دەستور ئەنجام درا بۆ ماوەیەك کار بەماددەی (١٢٦)ی دەستور ناکرێت کە پەیوەستە بەهەموارکردنی دەستور. بەڵکو پەرلەمانی نوێی عێراق دەبێت لەسەرەتای دەستبەکاربوونیدا لیژنەیەك لەئەندامانی پێك بهێنێ کە نوێنەری پێکهاتە سەرەکییەکانی کۆمەڵی عێراق بن، ئەرکی ئەو لیژنەیە ئەوە دەبێت کە لەماوەی چوار مانگدا ڕاپۆرتێك پێشکەش بەپەرلەمان بکات سەبارەت بەو گۆڕانکاریو هەموارکردنانەی لەدەستوردا بەپێویستی دەزانێت، لیژنەکە هەموو هەموارکارییە پێشنیازکراوەکان بەیەکجار دەخاتە بەردەم پەرلەمان بۆ پەسەندکردنی بەزۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی، دواتر پەرلەمان دەبێت لەماوەی دوو مانگدا ماددە هەموارکراوەکان بخاتە بەردەم گەل بۆ ڕاپرسی، دەبێت زۆرینەی دەنگدەرانی عێراق پەسەندی بکەن بەمەرجێك ٢/٣ی دەنگدەرانی سێ پارێزگا یان زیاتر ڕەتی نەکەنەوە. هەموارکردنو زیادکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار، دەتوانرێت لەڕێی ئەو لیژنەیەی پەرلەمانەوە ئەنجام بدرێت. وەك تێبینی

دەکرێت، ئەوەش پێویستی بەڕەزامەندی زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی پەرلەمان‌و زۆرینەی ڕەهای دەنگدەرانی سەرانسەری عێراق هەیە بەو مەرجەی ٢/٣ی دەنگدەرانی سێ پارێزگا یان زیاتر رەتی نەکەنەوە. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات کە زیادکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار، پێویستی بەڕەزامەندی نوێنەرانی پێکهاتە سەرەکییەکانی پەرلەمان‌و زۆرینەی دەنگدەرانی سەرانسەری عێراق هەیە. ئەمەش پێویستی بەتەوافق‌و کۆدەنگی پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراقە.

ئەگەرچی لەچەندین ماددەو بڕگەی دەستوردا، دەستەواژەی سەرۆك کۆمار هاتووە. بەڵام بەپێی ماددەی (١٣٨)ی دەستور دەستەواژەی (ئەنجومەنی سەرۆکایەتی) جێگەی دەستەواژەی (سەرۆك کۆمار) دەگرێتەوە کە لەهەر شوێنێکی دەستورەکەدا هاتبێ‌و بەو پێیە لەخولی سەرۆکایەتی چوار ساڵی ئایندەدا کار بەدەستەواژەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دەکرێت‌و لەدوای ئەو خولە بەپێی دەستورەکە کار بەدەستەواژەی سەرۆك کۆمار دەکرێت. بەو پێیە پەرلەمانی نوێ بەزۆرینەی ٢/٣ی دەنگی ئەندامانی بەیەك لیست ئەنجومەنی سەرۆکایەتی هەڵدەبژێرێت کە لەسەرۆك کۆمارو دوو جێگر پێك دێت.

بەپێی ئەو ڕاستییانەی کە ڕوونمان کردەوە زیادکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار بەدوو ڕێگە دەبێت:

یەکەمیان لەڕێی ئەو لیژنە پەرلەمانییەوە دەبێت کە لەدوای دەست بەکاربوونی پەرلەمانەوە پێك دێ‌و دەست بەکارەکانی دەکات‌و دەبێت





لەماوەی چوار مانگدا هەموارکردنەکان بکات‌و لەماوەی دوو مانگیشدا مادده هەموارکراوەکان بخاتە بەردەم گەلەوە بۆ راپرسی، واتە کارەکانی شەش مانگی دەوێت، بەو مەرجەی بەڕاپرسی گەل پەسەند بکرێت.

دووەمیان، دوای کۆتایی هاتنی کارەکانی ئەو لیژنەیەی پەرلەمان‌و هەڵوەشانەوەی، دەتوانرێت گۆڕانکاری لەدەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆماردا لەڕێی بڕگەی سێی ماددەی (١٢٦)ی دەستورەوە بکرێت ئەوەش ڕەزامەندی ٢/٣ی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان‌و ڕاپرسی گەل‌و پەسەندکردنی خودی سەرۆك کۆماریشی دەوێت. ئەوەش دیسانەوە ئەو ڕاستییە دەردەخات کە گۆڕانکاری لەدەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆماردا ڕەزامەندی نوێنەرانی پێکهاتە سەرەکییەکانی پەرلەمان‌و گەلانی عێراق‌و خودی سەرۆك کۆماری دەوێت.

خاڵێکی تر کە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە کە لەخولی چوار ساڵی داهاتووی سەرۆکایەتی عێراقدا کار بەدەستەواژەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دەکرێت لەجیاتی دەستەواژەی سەرۆك کۆمار.

# لیژنەی هەموارکردنی دەستوورو
# پێویستی زیادکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمار

لەبەر رۆشنایی ماددەی (١٤٢)ی دەستووری هەمیشەیی عیراقدا، ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لەکۆتایی مانگی ئەیلولی ئەمساڵدا بڕیاری پێکهێنانی لیژنەی هەموارکردنی دەستووری عیراقیدا ئەم لیژنەیە بەپێی ماددەی (١٤٢)ی دەستوور لەنوێنەرانی پێکهاتە جیاجیاکانی گەلانی عیراق پێکهاتووە، بەو پێیە لیژنەی هەموارکردنی دەستوور لە (٢٧) ئەندام لەنوێنەرانی پێکهاتە جیاجیاکان پێکهاتووە بەم شێوەیە (١٢ ئەندامی لیستی ئیئتلافی یەکگرتوو، ٥ ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان، ٤ ئەندامی بەرەی تەوافق، دوو ئەندام بۆ لیستی ئەلعراقیەو یەك ئەندام بۆ بەرەی دیالۆگی نیشتمانیو یەك ئەندام بۆ هەریەك لەپێکهاتەکانی تورکمانو مەسیحیو ئێزیدی).

بەپێی ماددەی (١٤٢)ی دەستوور دەبێت ئەم لیژنەیە لەماوەی چوار مانگدا راپۆرتێك سەبارەت بەهەموارکردنەکانی دەستوور پێشکەش بەئەنجومەنی نوێنەران بکات.

رۆژی ١٥/١١/٢٠٠٦ بەیەکەم رۆژی کارکردنی ئەم لیژنەیە دانراوەو بەو پێیە دەبێت ئەم لیژنەیە تا ١٥/٣/٢٠٠٧ کارەکانی تەواو بکات. بەڵام بەهۆی ئەوەی دوو مانگی پشووی ئەنجومەنی نوێنەران دەکەوێتە ماوەی کارکردنی ئەم لیژنەیەوە، ماوەی کارکردنی لیژنەکە بۆ ١٥/٥/٢٠٠٧ درێژکراوەتەوە.

پاش ئەوەی ئەم لیژنەیە راپۆرتی خۆی سەبارەت بەهەموارکردنی دەستوور لەو ماوەیەدا ئامادە دەکات، دەبێت بەیەکجار ماددە





هەموارکراوە پێشنیازەکراوەکان بخاتە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران بۆئەوەی بەزۆرینەی رەهای دەنگی ژمارەی ئەندامانی واتە بەدەنگی (١٣٨) ئەندام لەکۆی (٢٧٥) ئەندام پەسەندی بکات.

پاش ئەوەی ئەنجومەنی نوێنەران ماددە هەموارکراوەکان پەسەند دەکات، لەماوەی دوو مانگدا لەرۆژی پەسەندکردنیەوە لەئەنجومەنی نوێنەران دەخرێنە بەردەم گەل بۆئەوەی لەڕێی راپرسییەوە پەسەندی بکات.

ماددە هەموارکراوەکان بەپەسەندکراو دادەنرێن کە زۆرینەی گەلانی عیراق بەڕاپرسی پەسەندی بکەنو بەمەرجێك دەنگدەرانی سێ پارێزگا یان زیاتر رەتی نەکەنەوە.

ئەمەش ئەو راستیە دەردەخات کە هەموارکردنی هەر ماددەیەکی دەستوور پێویستی بەڕەزامەندی هەموو پێکهاتەکانی گەلانی عیراق لەعەرەبی شیعەو عەرەبی سوننەو کورد هەیەو بەبێ تەوافقی ئەو سێ پێکهاتە ئەساسییە هیچ گۆڕانکارییەك لەهیچ ماددەیەکی دەستووردا ناکرێت.

ئەو ماددانەی دەستوریش کە چاویان لەسەرەو داوای هەموارکردنیان دەکرێت ئەو ماددانەن کە پەیوەندییان بەمەسەلەکانی (فیدراڵی، سامانی سروشتی لەنەوتو ئاو، ریشەکێشکردنی بەعس) هەیە.

بێگومان هەر گۆڕانکارییەك لەو ماددانەدا دەبێت بەتەوافقو رەزامەندی هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عیراق بکرێت. بێجگە لەو مەسەلانە من دەمەوێت سەرنج بۆ مەسەلەیەکی دیکە رابکێشم کە کەمتر

لەو مەسەلەکانی تر ئاماژەی پێ دەکرێت. ئەویش مەسەلەی دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمارە لەدەستووردا. ئەگەر بەوردی سەیری دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار لەدەستووردا بکەین دەبینین ئەو دەسەڵاتانە زیاتر دەسەڵاتی رەمزیو پرۆتۆکۆلینو زۆربەی دەسەڵاتەکان بەدەستە سەرۆك وەزیرانەیە. ئەوەش بۆ وڵاتێکی وەك عیراق کە لەسێ پێکهاتەی ئەساسی پێکهاتووە ناهاوسەنگییەك دروست دەکات کە دەبێت تاڕادەیەك هاوسەنگییەك لەنێوان دەسەڵاتەکانی هەریەك لەسەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیرانو ئەنجومەنی نوێنەراندا هەبێتو هەریەك لەو پێکهاتانە پێگەو دەسەڵاتەکانی شیاوی خۆیان هەبێت.

ئەگەر سەرنج لەدەستووری عیراق بدەین دەبینین بەپێی ئەو دەستوورە پۆستی سەرۆك وەزیران بۆ ئەو لیستەیە کە زۆرینە لەپەرلەمان بەدەست دەهێنێنو بەو پێیەی کە شیعەکان زۆرینەی دانیشتوان پێك دەهێننو دەنگدەرانیش دەنگ بەنوێنەرانی پێکهاتەکانیان دەدەن، لەم سۆنگەیەوە تا ماوەیەکی دوور شیعەکان لەپەرلەمان زۆرینە دەبن، بەوەش پۆستی سەرۆك وەزیران بۆ ئەوان دەبێت. لەدوای ئەو پۆستە پۆستی سەرۆك کۆمار دێت بۆ پێکهاتەی دووەم دەبێت، گەلی کوردستان وەك دووەم گەلی ئەساسی عیراق لەدوای گەلی عەرەب مافی رەوای خۆیەتی ئەو پۆستە وەربگرێت، هەر بۆیەش پێویستە نوێنەرانی گەلی کوردستان لەلیژنەی هەموارکردنی دەستووری عیراق هەموو هەوڵی خۆیان بخەنە گەڕ بۆئەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار زیاد بکرێت. چونکە لەداهاتوودا ئەگەر





عیراقی فیدڕاڵ بچەسپێت وەك عورفێك پۆستی سەرۆك کۆمار دەدرێت بەکوردو پۆستی سەرۆك وەزیران بۆ شیعەو پۆستی سەرۆك ئەنجومەنی نوێنەرانیش بۆ سوننە دەبێت.

# هاوسەنگی دەسەڵاتەکان
# لەدەستووری عێراقدا

ئەگەر بەوردی سەیری دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکەین لەدەستوری نوێی عێراقدا دەبینین ئەو دەسەڵاتە لەچوارچێوەی دەسەڵاتە فیدراڵییەکاندایە. دەسەڵاتی جێبەجێکردنی فیدراڵیش لەدوو بەش پێك دێت، ئەوانیش هەردوو ناوەندی سەرۆك کۆمارو ئەنجومەنی وەزیرانە. ئەگەر سەیری ئەم دوو ناوەندە بکەین وەکو دوو دەزگای جێبەجێکردن، دەبینین دەسەڵاتەکان بەشێوەیەکی هاوسەنگ لەنێوانیاندا دابەش نەکراوە، زۆربەی دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار، تەشریفیو پرۆتۆکۆلین، دەسەڵاتەکانی سەرۆكو ئەنجومەنی وەزیرانیش دەسەڵاتی فیعلینو کاریگەری ڕاستەوخۆیان بەسەر هەموو بوارەکانەوە هەیە. بۆ ئەوەی لاسەنگی دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران بەجوانی ببینین، دەسەڵاتەکانی هەردوولایان لەدەستوری نوێدا دەخەینەڕوو:

یەکەم: دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار

بەپێی دەستوری نوێ، سەرۆك کۆمار لەلوتکەی هەرەمی دەسەڵاتدایەو سەرۆکی دەوڵەتەو ڕەمزی یەکێتی نیشتمانەو نوێنەرایەتی سەروەری وڵات دەکاتو شەوخونی دەکات بۆ مسۆگەرکردنی پابەندبوون بەدەستورو پاراستنی سەربەخۆیی عێراقو سەروەریو یەکێتیو سەلامەتی خاکەکەی.

بەپێی ماددەکانی دەستوور، سەرۆك کۆمار ئەم دەسەڵاتانەی هەیە:-

١. سەرۆك کۆمار، لە ماوەی ١٥ ڕۆژدا لەدوای یەکەم دانیشتنی پەرلەمانەوە، پاڵێوراوی گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمانی لەڕووی ژمارەوە ڕادەسپێریت بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیران.





٢. لەسەر داخوازی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، دەتوانێت لێبوردنی تایبەت دەربکات بەپێی دەستورەکە بۆ لێبوردنی تایبەت بە مەرجی ئەوەی کە دانراوە، لێبوردنەکە حوکمدراوانی مافی تایبەتو تاوانی نێودەوڵەتیو تیرۆریستیو گەندەڵی داراییو کارگێڕی ناگرێتەوە.

٣. پەسەندکردنی پەیماننامەو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان دوای ئەوەی لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند دەکرێن.

٤. پەسەندکردنی ئەو یاسایانەی کە لەلایەن پەرلەمانەوە دەردەچن.

٥. بانگهێشتکردنی پەرلەمان بۆ کۆبوونەوە لەدوای (١٥) ڕۆژ لەمێژووی پەسەندکردنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن.

٦. لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆك وەزیران، مەدالیاو نیشانە دەبەخشێت.

٧. پەسەندکردنی باڵیۆزی وڵاتان.

٨. دەرکردنی مەراسیمی کۆماری.

٩. پەسەندکردنی ئەو حوکمانەی لەسێدارەدان کەلەلایەن دادگا تایبەتەکانەوە دەردەچن.

١٠. ئەرکی سەرکردایەتی باڵای هێزە چەکدارەکان دەگرێتە ئەستۆ بەمەبەستی تەشریفاتو ئاهەنگێڕان.

ئەگەر بەوردی سەیری ئەم دە خاڵە بکەین، ئەوا دەبینین دوو خاڵی پیادەکردنی ئەو دەسەڵاتە لەسەر داخوازیو ڕاسپاردەی سەرۆك وەزیرانە. سێ خاڵیان تایبەتە بەپەسەندکردنی یاساکانی پەرلەمانو بانگهێشت کردنی پەرلەمان بۆ کۆبوونەوە، خاڵێکیان تایبەتە بەپەسەندکردنی

حوكمی لەسێدارەدان كە لەلایەن دادگا تایبەتەكانەوە دەردەچن.هەموو ئەوانە بڕیارو دەسەڵاتی شوێنی ترن‌و تەنها سەرۆك كۆمار پەسەندییان دەكات، دەسەڵاتی فیعلی هی سەرۆك وەزیرانەو دەسەڵاتی تەشریفات‌و ئاهەنگ گێڕانیش هی سەرۆك كۆمار.

دووەم: دەسەڵاتەكانی سەرۆك وەزیران

بەپێی ماددەو بڕگەكانی دەستور، سەرۆك‌و ئەنجومەنی وەزیران ئەم دەسەڵاتانەی هەیە:

١. سەرۆك وەزیران، بەرپرسی ڕاستەوخۆی جێبەجێكردنی سیاسەتی گشتی دەوڵەتە.

٢. سەرۆك وەزیران فەرماندەی گشتی هێزە چەكدارەكانە.

٣. سەرۆك وەزیران ئیدارەی ئەنجومەنی وەزیران بەڕێوە دەبات‌و سەرۆكایەتی كۆبونەوەكانی دەكات.

٤. سەرۆك وەزیران، مافی لابردنی وەزیرەكانی هەیە، بەڕەزامەندی ئەنجومەنی نوێنەران.

٥. ئەنجومەنی وەزیران، دەسەڵاتی پلاندانان‌و جێبەجێكردنی سیاسەتی گشتی دەوڵەت‌و پلانە گشتییەكان‌و سەرپەرشتی كردنی كاری وەزارەتەكان‌و ئەو شوێنانەی هەیە كە بەهیچ وەزارەتێكەوە گرێنەدراون.

٦. ئەنجومەنی وەزیران، دەتوانێت پڕۆژەی یاساكان پێشنیاز بكات.

٧. ئەنجومەنی وەزیران، دەسەڵاتی دەركردنی سیستم‌و ڕێنمایی‌و بڕیاری هەیە بەمەبەستی جێبەجێكردنی یاساكان.





٨. ئەنجومەنی وەزیران، پڕۆژەی بودجەی گشتی‌و حسابی كۆتایی‌و نەخشەكانی گەشەپێدان ئامادە دەكات.

٩. ئەنجومەنی وەزیران، دەسەڵاتی ڕاسپاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی هەیە بۆ پەسەندكردنی دامەزراندنی بریكاری وەزارەتەكان‌و باڵوێزو خاوەن پلە تایبەتەكان‌و سەرۆكی ئەركانی سوپاو یاریدەدەرەكانی‌و ئەوانەی لەپلەی سەركردەی فرقە بەرەو ژوورن‌و سەرۆكی دەزگای موخابەراتی نیشتمانی‌و سەرۆكی دەزگا ئەمنییەكان.

١٠. ئەنجومەنی وەزیران، دەسەڵاتی گفتوگۆكردنی سەبارەت بەپەیماننامەو ڕێكەوتننامە نێودەوڵەتییەكان‌و ئیمزاكردنیانی بۆ خۆی هەیە یان ئەوانەی ڕایان دەسپێرێت.

ئەگەر بەوردی بەراوردی دەسەڵاتەكانی هەریەك لەسەرۆك كۆمارو سەرۆك وەزیران بكەین هەرچەند دەسەڵاتەكانی هەریەكەیان لە ١٠ خاڵدا چڕكراوەتەوە، بەڵام دەبینین زۆربەی دەسەڵاتە فیعلییەكان لەدەست سەرۆك وەزیراندایەو سەرۆك كۆماریش دەسەڵاتەكانی زیاتر تەشریفی‌و پرۆتۆكۆلین. ئەمەش بۆ وڵاتێك كە لەچەند پێكهاتەیەك پێك هاتبێ‌و هەر پێكهاتەیەك پۆستێكی باڵای سیادی وەربگرێت، لاسەنگی‌و ناهاوتایی دروست دەكات، هەربۆیەش پێویستە لەدابەشكردنی دەسەڵاتەكانی پۆستە سیادییەكاندا رەچاوی بەرژەوەندی هەموو پێكهاتەكان بكرێت‌و دەسەڵاتەكان بەهاوسەنگی دابەش بكرێت.

# سەرۆک کۆمار،

# پابەندی دەستوور بووە

رۆژنامەی ئەلشەرقلئەوسەت لەژمارە(١٠٠١٤)ی رۆژی ٢٩/٤/٢٠٠٦دا وتارێكی نووسەری بەناوبانگی عێراقیو دۆستی گەلی كوردستان (عەدنان حسین)ی بەناوونیشانی ( نامەیەك بۆ سەرۆك تاڵەبانی) بڵاوكردووەتەوە . نووسەر لەوتارەكەیدا لەگلەییەكی دۆستانەو هاورێیانەدا ئاماژە بەوە دەكات كەسەرۆك تاڵەبانی لەگەڵ دەستبەكاربوونیدا هەردوو ماددەی (٦٤و ٦٦)ی دەستووری عێراقی پێشێلكردووە. دیارە نووسەر نوسخەی رەشنووسی دەستووری عێراقی لەبەردەستدا بووەو دوا نوسخەی هەمواركراوی دەستووری عێراقی لەلا نەبووە كە بەر لەچەند رۆژێك لەراپرسیی دەستوور، چەند ماددەیەكی هەمواركراو هەندێ ماددەی زیادو كەمكراو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق نوسخەی هەمواركراوی دەستوورەكەی بڵاوكردووەتەوە، لە نوسخە هەمواركراوەدا، ئەو دوو ماددەیە ژمارەكانیان گۆڕاوەو ماددەی ٦٤ بووە بە ماددەی ٦٧و ماددەی ٦٦یش بووە بەماددەی ٦٩، ئەو دوو ماددەیە تەنها ژمارەكانیان گۆڕاوەو ناوەڕۆكەكانیان وەك خۆی لەماددەكانی ٦٧و٦٩دا نووسراوەتەوەو ناوەڕۆكاكانیان بەم شێوەیەیە:

١-ماددەی ٦٧

سەرۆك كۆمار، سەرۆكی دەوڵەتەو رەمزی یەكێتی نیشتمانەو تەمسیلی سەروەری وڵات دەكاتو شەوخونی دەكات بۆ مسۆگەركردنی پابەند بوون بەدەستووروسەربەخۆیی خاكی عێراقو سەروەریو یەكێتیو سەلامەتی خاكەكەی بەپێی بڕگەكانی دەستوور.





٢-ماددەی٦٩

یەكەم:حوكمەكانی خۆپاڵاوتن بۆسەرۆك كۆمار بەیاسا رێك دەخرێت.

دووەم: بەپێی یاسا، جێگرێك یان زیاتر بۆ سەرۆك كۆمار دیاریدەكرێت.

ئەم دوو ماددەیەدا كە(عەدنان حسێن)ی نووسەری عێراقی پێی وایە لەلایەن سەرۆك كۆمارەوە پێشێلكراون. بەڵام لەراستیدا وا نییەو وادیارە نووسەری ناوبراو بەوردی هەموو ماددەو بڕگەكانی دەستوورەكەی نەخوێندووەتەوە، چونكە ماددەی ١٣٨ی دەستوور ماددەی ٦٩ی هەڵپەساردووەو لەخولی سەرۆكایەتی چوار ساڵی داهاتوودا كاری پێناكرێت.

ماددەی ١٣٨ی دەستوور دەڵێت:-

یەكەم: دەستەواژەی ئەنجومەنی سەرۆكایەتی جێگای دەستەواژەی سەرۆك كۆمار دەگرێتەوە لەهەر شوێنێكی ئەم دەستوورەدا ئاماژەی بۆ كرابێتو خولێك پاش بەكاربوونی ئەم دەستوورە كار بەحوكمەكانی تایبەت بەسەرۆك كۆمار دەكرێت.

دووەم:ئەنجومەنی نوێنەران، سەرۆكی وڵاتو دوو جێگرەكەی هەڵدەبژێرێتو هەموویان پێكەوە ئەنجومەنێك پێك دەهێنن كە پێی دەوترێت (ئەنجومەنی سەرۆكایەتی) كە بەیەك لیستو بەزۆرینەی دەنگی ٢|٣ی ئەندامان هەڵدەبژێردرێن.

ئەگەر بەوردی سەیری بڕگەی یەکی ماددەی ١٣٨ی دەستوور بکەین دەبینین سەرۆك تاڵەبانی دەستووری پێشێل نەکردووەو بەپێی ئەم ماددەیە لەم خولەی چوار ساڵی سەرۆکایەتیدا کار بەدەستەواژەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دەکرێت کە لەسەرۆك کۆمارو دوو جێگرەکەی پێك دێتو جێگەی دەستەواژەی سەرۆك کۆمار دەگرێتەوە لەهەر شوێنێکی دەستووردا هاتبێت ، بەپێی ئەم ماددەیە، لەم خولەی سەرۆکایەتیدا، کار بەدەستەواژەی سەرۆك کۆمار ناکرێت، کە لەماددەی ٦٩دا ئاماژەی پێکراوەو (عەدنان حسین)ی نووسەرو ڕووناکبیر پێی وایە پێشێلکراوە.

بەپێی بڕگەی دووی ماددەی ١٣٨ی دەستووریش سەرۆك کۆمار دوو جێگری هەیەو بەیەك لیستو بەدەنگی زۆرینەی ٢|٣ی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران هەڵدەبـژێردرێنو سەرۆك کۆمارو دوو جێگرەکەی زیاتر لە ٢|٣ی دەنگی ئەنجومەنی نوێنەرانیان بەدەست هێناوەو ئەوەش بنەمای دەستووری هەیە، بەپێچەوانەی ئەوەی (عەدنان حسین)ی نووسەرەوە کە دەڵێت: ئەنجومەنی نوێنەران دوو جێگریان بۆ سەرۆك کۆمار دیاریکردووە بەبێ ئەوەی یاسایەك ئەوە ڕێك بخات.

سەبارەت بەوەشی کە (عەدنان حسین) لە وتارەکەیدا باسی ئەوە دەکات کە جێگرەکان بەسەفقەیەکی سیاسی دانراون و ئەوە سیستمی تایفەگەری دادەمەزرێنێت ، ئەوەش بەو شێوەیە نییە، چونکە ئەو دوو کەسەی کە بۆ جێگری سەرۆك کۆمار دانراون، پاڵێوراوی لیستەکانیانن کە ژمارەیەکی





بەرچاو دەنگیان بەدەست هێناوەو بۆ ئەو پۆستە سیادییانەش دەبێت ئیستحقاقی هەڵبژاردن لەبەرچاوبگیرێت.

# پێگەی سەرۆک کۆمارو سەرۆکی هەرێم

# لەدەستووردا

# (خوێندنەوەیەکی بەراوردکاری)

لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق، بە بەشداری نوێنەرانی هەموو پێکهاتە جیاجیاکانی گەلانی عێراق، دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ عێراق دانراو هاووڵاتیانی عێراقیش لەڕێی ڕاپرسیو سندوقەکانی دەنگدانەوە متمانەیان بەو دەستوورە بەخشی. هەر لەو دەستوورەدا دان بەهەرێمی کوردستاندا نراوە وەك هەرێمێکی فیدراڵو مافی ئەوەشی بەهەرێمی کوردستان داوە کە دەستوورێکی تایبەت بەخۆی هەبێتو تێیدا پەیکەری دەسەڵاتەکانی هەرێمو پسپۆڕییەکانیو میکانیزمی پیادەکردنی دیاری بکات، بەمەرجێك ناکۆك نەبێت لەگەڵ دەستووری عێراق. لەبەر ڕۆشنایی ئەو دەستوورەدا پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان دارێژراوە.

بەپێویستی دەزانم بەراوردێك لەنێوان دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمارو سەرۆکی هەرێمدا لەبەر ڕۆشنایی هەردوو دەستوورەکەدا بکەم.

**١. شێوازی هەڵبژاردن:**

سەرۆك کۆمار، لەنێو پاڵێوراواندا لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە بەزۆرینەی ٣/٢ی دەنگی ئەندامان هەڵدەبژێردرێت.

سەرۆکی هەرێم، بەدەنگدانی گشتی نهێنی ڕاستەوخۆ لەلایەن هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانەوە هەڵدەبژێردرێت.

ئەمەش جیاوازی نێوان هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمارو سەرۆکی هەرێمە، کە شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار، بەپێی سیستمی پەرلەمانییە، بەڵام شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بەپێی سیستمی سەرۆکایەتییە.





**٢. ماوەی سەرۆکایەتی:**

ماوەی سەرۆکایەتی هەریەك لەسەرۆك کۆمارو سەرۆکی هەرێم چوار ساڵەو بۆیان هەیە بۆ خولی دووەمی سەرۆکایەتیو بۆ ماوەی چوار ساڵی دیکە خۆیان بپاڵێونەوە.

**٣. سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکان:**

سەرۆك کۆمار، سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان دەکات بۆ مەبەستی تەشریفیو ئاهەنگێڕانو لەحاڵەتی ترداسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بەفیعلی سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکانە.

سەرۆکی هەرێم، بەفیعلی سەرکردەی گشتی هێزەکانی پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم)ـە. سەرۆکی هەرێم، بۆی هەیە هێزەکانی پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم) یان هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بنێرێنە دەرەوەی هەرێم بەڕەزامەندی پەرلەمانی کوردستان. هەروەها سەرۆکی هەرێم، دەسەڵاتی ئەوەی هەیە لەکاتی پێویستدا بەڕەزامەندی پەرلەمانی کوردستان، ڕێگە بەهاتنە ناوەوەی هێزە چەکدارەکانی فیدراڵی یان هەر یەکەیەکی سەربازی تر بۆ ناو هەرێمی کوردستان بدات، بەمەرجێك کارو جێگەو ماوەی مانەوەی ئەو هێزانە دیاری بکرێت.

هەروەها سەرۆکی هەرێم، دەسەڵاتی بەخشینی پلەی سەربازی بەئەفسەرانی پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم)و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو دەرکردنیانو خانەنشینکردنیان بەپێی یاسا هەیە.

### ٤. دەركردنی لێبوردنی تایبەت:

سەرۆك كۆمار، دەسەڵاتی دەركردنی لێبوردنی تایبەتی هەیە لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، لێبوردنی سەرۆك كۆمار مافی تایبەتیو حوكمدراوانی تاوانەكانی نێودەوڵەتیو تیرۆرو گەندەڵی داراییو ئیداری ناگرێتەوە.

سەرۆكی هەرێم، دەسەڵاتی لێبوردنی تایبەتی حوكمدراوانی هەیە بەگشتیو بەپێی یاساو هیچ حوكمدراوێكی لێ بەدەر نەكراوە.

### ٥. پەسەندكردنی یاساو بڕیار:

سەرۆك كۆمار، (ئەنجومەنی سەرۆكایەتی) دەسەڵاتی پەسەندكردنو دەركردنی ئەو یاساو بڕیارانەی هەیە كە ئەنجومەنی نوێنەران دەری دەكات لەماوەی ١٠ ڕۆژدا لەمێژووی گەیشتنی بەسەرۆكایەتی كۆمار. ئەنجومەنی سەرۆكایەتی، بۆی هەیە ئەو یاساو بڕیارانە پەسەند نەكاتو بۆ دووجار بیگێڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران بۆ چاوپێداخشانەوەی بەو بوارانەی كە تانەی لەسەرە.

دوای ئەوەی كە یاسا یان بڕیارەكە بۆ جاری دووەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران، ئەگەر ئەنجومەنی نوێنەران بەدەنگی زۆرینەی ٣/٥ی ئەندامانی پەسەندی كرد، ئیدی بەپەسەندكراو دادەنرێتو ناكرێت سەرۆك كۆمار تانەی لێبدات.

سەرۆكی هەرێم، دەسەڵاتی دەركردنی ئەو یاساو بڕیارانەی پەرلەمانی كوردستانی هەیە كە لەماوەی دە ڕۆژدا دەگاتە سەرۆكایەتی هەرێم. بەپێی





پڕۆژەی دەستووری هەرێم، سەرۆكی هەرێم مافی تانەلێدانی گشتی یان بەشێكی ئەو یاساو بڕیارانەی پەرلەمانی كوردستانی هەیەو بۆی هەیە بۆ پەرلەمانی بگێڕێتەوە، بەڵام لەپڕۆژەی یاساكەدا، دیاری نەكراوە كە چەندجار سەرۆكی هەرێم بۆی هەیە تانە لەو یاساو بڕیارانە بدات.

### ٦. هەڵوەشانەوەی پەرلەمان:

بەپێی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان، سەرۆكی هەرێم لەسێ حاڵەتدا مافی هەڵوەشانەوەی پەرلەمانی كوردستانی هەیە كە ئەمانەن:

١. دەست لەكاركێشانەوەی زیاتر لەنیوەی ئەندامانی.

٢. تەواونەكردنی ڕێژەی یاسایی بۆ كۆبوونەوە لەماوەی ٤٥ ڕۆژدا، لەڕۆژی بانگهێشت كردنی بۆ كۆبوونەوە بۆ دەستپێكردنی خولی هەڵبژاردن.

٣. ئەگەر متمانە نەداتە سێ پێكهاتەی وەزاری پێشنیاركراوی جیاوازو دوای یەك.

بەڵام بەپێی دەستووری عێراق، سەرۆك كۆمار، مافی هەڵوەشانەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی نییە.

بەپێی ماددەی ٦٤ی دەستوورەكە، ئەنجومەنی نوێنەران هەڵدەوەشێتەوە بەزۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانیو لەسەر داوای ١/٣ی ئەندامانی یان داوای سەرۆك وەزیرانو بەڕەزامەندی سەرۆك كۆمار.

ئەوەی تێبینی دەکرێت، بەپێی دەستووری عێراق هەڵوەشانەوەی ئەنجومەنی نوێنەران پرۆسەیەکی قورسەو ڕەزامەندی چەند لایەنێکی دەسەڵاتی دەوێت.

**٧. لابردنی وەزیر:**

بەپێی پڕۆژەی دەستووری هەرێم، سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی لابردنی وەزیری هەیە لەسەر پێشنیازی سەرۆك وەزیران.

بەپێی دەستووری عێراق لابردنی وەزیر لەسەر داوای سەرۆك وەزیرانو بەڕەزامەندی ئەنجومەنی نوێنەران دەبێت.

دەبوو لەپڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانیشدا، بۆ لابردنی وەزیر، ڕەزامەندی پەرلەمانی کوردستان وەربگیرایە، چونکە هەر بەپێی ئەو پڕۆژەی دەستوورە، پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتی متمانە بەخشینی کابینەی وەزیرانو ئەندامانیو وەرگرتنەوەی متمانەی لێیان هەیە بەزۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی.

**٨. دەرکردنی مەرسوم:**

بەپێی دەستووری عێراق، سەرۆك کۆمار دەسەڵاتی دەرکردنی مەرسومی کۆماری هەیە.

بەپێی پڕۆژەی دەستووری هەرێم، سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی دەرکردنی مەرسومی هەیە کە هێزی یاسای هەیە بەڕاوێژو ڕێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەوەش لەکاتێکدا کە هەرێمی کوردستانو سیستمە سیاسییەکەی یان ئاسایشە گشتییەکەی یان





دامەزراوە دەستوورییەکانی ڕووبەڕووی مەترسی تێکدەرانەی ئەوتۆ ببنەوە کە هەڕەشە لەکیانەکەی بکاتو پەرلەمان نەتوانێت کۆببێتەوە. بەمەرجێك ئەو مەرسومانە لەیەکەم کۆبوونەوەی پەرلەماندا بخرێتە بەردەم پەرلەمانو ئەگەر نەخرێتە بەردەم پەرلەمان یان بخرێتە بەردەم پەرلەمانو پەسەندیان نەکا، ئەوا مەرسومەکان هێزە یاساییەکانیان لەدەست دەدەن. ئەوەی جێگەی سەرنجە مەرسومەکانی سەرۆك کۆمار مەرسومی ئاسایین، بەڵام مەرسومەکانی سەرۆکی هەرێم، لەو حاڵەتە نائاساییانەدا هێزی یاساییان هەیە.

**٩. حوکمی لەسێدارەدان:**

بەپێی دەستووری عێراق، سەرۆك کۆمار دەسەڵاتی پەسەندکردنی حوکمی لەسێدارەدانی هەیە کە دادگا پسپۆڕەکان دەری دەکەن. بەپێی پڕۆژەی دەستووری هەرێم، سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی پەسەندکردنی حوکمی لەسێدارەدان یاخود دابەزاندنی بۆ زیندانی هەمیشەیی هەیە.

**١٠. ڕاگەیاندنی باری نائاسایی:**

بەپێی دەستووری عێراق، سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران بەهاوبەشی بۆیان هەیە داوایەك پێشکەش بەئەنجومەنی نوێنەران بکەن بۆ ڕاگەیاندنی جەنگو باری نائاسایی، دەبێت ئەنجومەنی نوێنەرانیش بەدەنگی ٢/٣ی ئەندامانی ئەو داوایە پەسەند بکات، بۆ نوێکردنەوەشی پێویستی بەڕەزامەندی ئەنجومەنی نوێنەران هەیە بەڵام بەپێی پڕۆژەی دەستووری هەرێم، سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی باری نائاسایی هەیە

لەحاڵەتی جەنگ یان داگیرکردن یان یاخیبوون یان ئاژاوە یان کارەساتی سروشتی یان بڵاوبوونەوەی پەتا یان هەر بارێکی کتوپڕی دیکە بەو مەرجەی لەماوەی مانگێک زیاتر نەبێتو درێژکردنەوەی کاتەکە بەڕەزامەندی پەرلەمانی کوردستان دەبێتو بۆ هەر جارێک لەسێ مانگ زیاتر نابێتو پێویستە زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان ڕەزامەندی لەسەر بدەنو ئەوەش بەیاسا ڕێک دەخرێت.

ئەوەی جێگەی سەرنجە بەڕەزامەندی سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیرانو ٣/٢ی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران، باری نائاسایی لەعێراقدا ڕادەگەیەنرێت، بەڵام لەکوردستاندا، سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە بەتەنها باری نائاسایی رابگەیەنێت بۆ ماوەی مانگێک دواتر بۆ نوێکردنەوەی ڕەزامەندی پەرلەمانی کوردستان وەردەگیرێت.

**١١. کۆبوونەوە بەئەنجومەنی وەزیران:**

بەپێی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە بانگهێشتی ئەنجومەنی وەزیران بکات بۆ کۆبوونەوە بەشێوەی ئیستسنائیو لەکاتی پێویستدا بۆ باسکردنی ئەو بابەتانەی کە کۆبوونەوە لەپێناویدا بەستراوەو خۆی سەرۆکایەتی ئەو کۆبوونەوەیە دەکات.

لەدەستووری عێراقدا بەندێکی لەو شێوەیەی تێدا نییە کە سەرۆک کۆمار لەحاڵەتی لەو شێوەیەدا کۆبوونەوە بەئەنجومەنی وەزیران بکات،





تەنها باسی ئەوە کراوە کە شوێنی سەرۆک وەزیران بەهەر هۆیەک چۆڵ بوو، سەرۆک کۆمار جێگەی دەگرێتەوە تا سەرۆک وەزیرێکی تر دادەنرێت.

**١٢. دامەزراندنی پلە تایبەتەکانو دادوەرانو داواکاری گشتی:**

بەپێی پڕۆژەی دەستووری هەرێم، سەرۆکی هەرێم، دەسەڵاتی دامەزراندنی خاوەن پلە تایبەتەکانی هەیە، ئەوەش بەپاڵاوتنی وەزیری تایبەتمەندو بەڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران. هەروەها سەرۆکی هەرێم، دەسەڵاتی دامەزراندنی دادوەرانو سەرۆکو ئەندامانی داواکاری گشتی هەیە پاش ئەوەی لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری هەرێمەوە دەپاڵێورێن.

هەروەها سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی هەڵبژاردنی ئەندامانی دادگای دەستووری هەیە بەڕاوێژ لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری هەرێم دا هەروەها دامەزراندنی ئەندامانی ئەو دادگایە، بەمەرسومی سەرۆکی هەرێم دەبێت لەدوای ڕەزامەندی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لەسەر پاڵێوراوەکان. هەروەها سەرۆکو ئەندامانی دادگای تەمییزی کوردستان، پێش دەست بەکاربوونیان لەبەردەم سەرۆکی هەرێمدا، سوێندی یاسایی دەخۆن بەپێی دەستووری عێراق، دامەزراندنی سەفیرو خاوەن پلە تایبەتەکان لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی وەزیرانو بەڕەزامەندی ئەنجومەنی نوێنەران دەبێت.

دامەزراندنی سەرۆکو ئەندامانی دادگای تەمییزی فیدراڵیو سەرۆکی داواکاری گشتیو سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیاری دادوەری لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی باڵای دادوەری عێراقو بەڕەزامەندی زۆرینەی ڕەهای

**ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران دەبێتو سەرۆك كۆمار هیچ پەیوەندییەكی بەو دامەزراندنانەوە نییە.**

## ١٣. چاودێری ئە نجومەنی وەزیران:

**بەپێی پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان، ئەنجومەنی وەزیران ئەركەكانی لەژێر چاودێریو ڕێنمایی سەرۆكی هەرێمدا ڕادەپەڕێنێت.**

**لەدەستووری عێراقدا، بەندێكی هاوشێوەی ئەم بەندەی تێدانییە كە ئەنجومەنی وەزیران لەژێر چاودێری سەرۆك كۆماردا ئەركەكانی رادەپەڕێنێت. بەڵكو ئەنجومەنی وەزیران زیاتر ئەركەكانی لەژێر چاودێری ئەنجومەنی نوێنەراندا ڕادەپەڕینێت. هەر بۆیەش باشتربوو لەپڕۆژەی دەستووری هەرێمدا ئاماژە بەوە بكرایە كە ئەنجومەنی وەزیران لەژێر چاودێریو ڕێنمایی سەرۆكی هەرێمو پەرلەمانی كوردستاندا ئەركەكانی ڕادەپەڕێنێت.**

## ١٤. هەمواركردنی دەستوور:

**بەپێی دەستووری عێراق، سەرۆك كۆمارو ئەنجومەنی وەزیران پێكەوە یان ١/٥ی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بۆیان هەیە پێشنیازی هەمواركردنی دەستوور بكەن، هەر هەمواركردنێكیش پێویستی بەڕەزامەندی ٢/٣ی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانو ڕەزامەندی گەل بەڕاپرسی گشتیو پەسەندكردنی سەرۆك كۆمار هەیە. بەپێی پڕۆژەی دەستووری هەرێم، سەرۆكی هەرێمو ئەنجومەنی وەزیران پێكەوە یان نیوەی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە پێشنیازی هەمواركردنی**





**دەستوور بكەن، بەمەرجێك ئەو هەمواركردنە كارنەكاتە سەر سیستمی كۆماری پەرلەمانی دیموكراتی هەرێمو یەكێتی خاكەكەی.**

**هەر بەپێی پڕۆژەی دەستووری هەرێم، پەسەندكردنی پێشنیازەكانی هەمواركرنی پێویستی بەزۆرینەی دەنگی ٢/٣ی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان هەیە. ئەوەی جێگەی سەرنجە بەپێی دەستووری عێراق هەر هەمواركردنێكی دەستوور پێویستی بەڕەزامەندی ٢/٣ی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانو رەزامەندی گەل بەڕاپرسیی گشتیو ڕەزامەندی سەرۆك كۆمار هەیە. كەچی بەپێی پڕۆژەی دەستووری هەرێم هەر هەمواركردنێكی دەستووری هەرێم لەسەر پێشنیازی سەرۆكی هەرێمو ئەنجومەنی وەزیران پێكەوە یان نیوەی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان دەبێتو تەنها ڕەزامەندی دەنگی ٢/٣ی ئەندامانی پەرلەمانی دەوێتو ناخرێتەوە بەردەم گەلی كوردستان بۆ ئەوەی بەڕاپرسی گشتی پەسەندی بكاتو دواتریش سەرۆكی هەرێم پەسەندی بكات.**

## ١٥. لێپرسینەوەو لابردنی سەرۆك:

**بەپێی دەستووری عێراق، ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر داوایەكی هۆدار بەزۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی مافی لێپرسینەوەی لەسەرۆك كۆمار هەیە. هەروەها ئەنجومەنی نوێنەران بەزۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی دەسەڵاتی لابردنی سەرۆك كۆماری هەیە، پاش ئیدانەكردنی لەلایەن دادگای باڵای فیدراڵی لەیەكێك لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا:-**

**١. لادان لەسوێندی یاسایی.**

٢. پێشێلکردنی دەستوور.

٣. خیانەتی گەورە.

لەپڕۆژەی دەستووری هەرێمدا، پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتی لێپرسینەوەی لەسەرۆکی هەرێم نییە. بەڵکو دەسەڵاتی چاودێری کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەیەو بۆی هەیە لەسەرۆك وەزیرانو جێگرەکەیو وەزیرەکان بپرسێتەوە بەپێی یاساو پەیڕەوی ناوخۆ. هەروەها پەرلەمان دەسەڵاتی لادانی سەرۆکی هەرێم یان جێگرەکەی هەیە بەدەنگی زۆرینەی رەهای ئەندامانی دوای ئیدانەکردنیان لەلایەن دادگای دەستووری هەرێمی کوردستان لەیەکێك لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا:

١. لادان لەسوێندی یاسایی.

٢. پێشێلکردنی دەستوور.

٣. خیانەتی گەورە.

# ڕۆڵی سەرۆک کۆمار

# لەهەموارکردنی دەستووردا

**دەستور بەدایکی یاساکان دادەنرێتو باڵادەستیو هەژموونی خۆی هەیە، هەموارکردنو گۆڕینی ماددەو بڕگەکانی دەستوری هەمیشەیی وڵات کارێکی قورسەو چەندین ڕێو شوێنی یاسایی پێویستە بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لەوجۆرە دەستورانەدا بکرێت. لەو چوارچێوەیەدا داڕێژەرانی دەستوری عێراق، چەند ڕێوشوێنێکی یاساییان بۆ هەموارکردنو گۆڕانکاری ماددەو بڕگەکانی ئەو دەستورە داناوە.**

**بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی (١٢٦)ی دەستوری نوێ، سەرۆك کۆمارو ئەنجومەنی وەزیران پێکەوە یان ١/٥ی ئەندامانی پەرلەمانی عێراق بۆیان هەیە پێشنیازی هەموارکردنی دەستوور بکەن.**

**بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (١٢٦)ی دەستور تا دوو خولی هەڵبژاردنی یەك لەدوای یەك ڕێگە نادرێت گۆڕانکاری لەپرنسیپە بنچینەییەکانی بەشی یەکەمو مافو ئازادییەکانی بەشی دووەمی ئەم دەستورەدا بکرێت.**

**دوای ئەو دوو خولەی هەڵبژاردنیش هەر هەموارکردنێك پێویستی بە زۆرینەی دەنگی ٢/٣ی ئەندامانی پەرلەمانو ڕەزامەندیی گەل بەڕاپرسیی گشتیو پەسەندکردنی سەرۆك کۆمار لەماوەی هەفتەیەکدا هەیە.**

**ئەگەر بە وردی سەیری ئەم بڕگەیە بکەین دەبینین هەموارکردنی ماددەکانی دەستور، کارێکی سەختەو ڕەزامەندی زۆرینەی پەرلەمانو ڕاپرسی گشتی گەلو پەسەندکردنی سەرۆك کۆماری دەوێت. ئەوەش**





**کارێکی قورسو گرانەو هەر هەموارکردنێکی دەستور کۆدەنگییەکی نیشتمانی گەرەکە، دەتوانرێت ئەم بە زەمانەتێکی دەستوری پاراستنی مافی گەلانو پێکهاتەکانی عێراق دابنرێت.**

**بەپێی بڕگەی سێی ماددەی (١٢٦)ی دەستور گۆڕانکاریو هەموارکردنی ماددەکانی تر کە لەبڕگەی دووی ماددەی (١٢٦)دا باسیان نەکراوە، پێویستی بە ڕەزامەندی ٢/٣ی دەنگی ئەندامانی پەرلەمانو ڕەزامەندی گەل بەڕاپرسیی گشتیو پەسەندکردنی سەرۆك کۆمار هەیە. ئەمەش هەر قورسی هەموارکردنی دەستورەکە نیشان دەدات.**

**بەپێی بڕگەی چواری ماددەی (١٢٦)ی دەستورنابێت هیچ هەموارکردنێك بکرێت بۆ ماددەکانی دەستور لەو دەسەڵاتانەی هەرێمەکان کەم بکاتەوە کە ناچنە خانەی دەسەڵاتە حەسرییەکانی دەسەڵاتە فیدراڵییەکانەوە. هەر هەموارکردنێکی ماددەکانی تایبەت بە هەرێمەکان، پێویستی بە ڕەزامەندی دەسەڵاتی یاسادانانی هەرێمە پەیوەندیدارەکەو ڕەزامەندی زۆرینەی دانیشتوانەکەی لەڕێی ڕاپرسی گشتییەوە هەیە. ئەمەش زەمانەتێکی دیکەی دەستوری پاراستنی دەسەڵاتی هەرێمەکانە.**

**بەچەند ڕۆژێك بەر لەڕاپرسی بۆ ڕەشنووسی دەستوری عێراق، چەند گۆڕانکارییەك لەڕەشنووسی ئەو دەستورەدا کراو لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە پەسەند کرا.بەپێی ئەو گۆڕانکارییانە دەبێت پەرلەمانی عێراق لیژنەیەك لەئەندامانی پێك بهێنێ کە نوێنەری پێکهاتە سەرەکییەکانی**

کۆمەڵی عێراق بن، ئەرکی ئەو لیژنەیە ئەوە دەبێت کە لەماوەی چوار مانگدا ڕاپۆرتێك پێشکەش بە پەرلەمان بکات سەبارەت بەو گۆرانکاریو هەموارکردنە پێویستانەی کە دەیەوێ لەدەستوری عێراقدا بکرێت. لیژنەکە هەموو هەموارکارییە پێشنیازکراوەکان بەیەکجار دەخاتە بەردەم پەرلەمان بۆ دەنگدان لەسەریو دەبێت زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان دەنگی لەسەر بدەن ئەنجا بەپەسەند کراو دادەنرێت. دەبێت پەرلەمان ماددە هەموارکراوەکان لەڕۆژی پەسەندکردنیەوە تا دوو مانگ، بخاتە بەردەم گەلەوە بۆ ڕاپرسی، ئەو هەموارکردنانەش بەپەسەند دادەنرێت کە زۆربەی دەنگدەران لەسەری ڕازی بنو بەو مەرجەی ٢/٣ی دەنگدەران لەسێ پارێزگا یان زیاتر ڕەتی نەکەوە.

ئەمەش زەمانەتێکە بۆ هەر یەك لەپێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق بەگشتیو گەلی کوردستان بە تایبەتی ئەگەر بێتو ئەو هەموارکردنانەی بە دڵ نەبێت دەتوانێ بە دەنگی ٢/٣ی دەنگدەرانی سێ پارێزگا ڕەتی بکاتەوە.

# پاشکۆ

# ڕوونکردنەوە

(عـەدنان حـسێن) نووسـەرو ڕۆژنامەنووسـی ناسـراوی عـیراق لـە ڕۆژنامەی (الشرق الأوسط)ژمـارە (١٠٠١٤) ڕۆژی ٢٩/ ٤/ ٢٠٠٦ دا وتارێكی بە ناوو نیشانی (نامەیەك بۆ سەرۆك تاڵەبانی) بڵاوكردەوە كـە تیایدا ئاماژەی بە كردبوو كە سەرۆك تاڵەبانی دەستوری پێشێل كـردووە منیش بە زمانی كوردیو عەرەبی لەرۆژنامـەكانی (كوردسـتانی نـوێو الأتحاد)دا وەڵامم دایەوەو لەبەر ڕۆشنایی دەستووری عێراقدا ئەو ڕاستیەم ڕوونكردنەوە كە سەرۆك تاڵەبانی دەستووری پێشێل نـەكردووە. لـەدوای ئەوە (عەدنان حسێن) وتارێكی تری لەو بارەیـەوە لەرۆژنامـەی (الـشرق الاوسط)دا بڵاوكردەوە.

بەپێویستم زانی هەرسـێ وتارەكە بە زمانی عەرەبی وەك پاشكۆی ئەم نامیلكەیە بڵاوبكەمەوە.

خەلیل عەبدوڵڵا

# رسالة إلى الرئيس طالباني

عدنان حسين

فخامة الرئيس

للصداقة حقوق، منها المكاشفة والعتاب. واظن ان بيننا نوعا من الصداقة نشأ منذ اكثر من خمسة عشر عاما، وكان واسطة العقد صديقنا المشترك عباس البدري، الصحافي البارع والشاعر الرقيق والعاشق الابدي.

وفضلا عن الصداقة وحقوقها فان ما يدفعني الى الكتابة اليك، يا فخامة الرئيس، انك رئيس الدولة التي انا احد مواطنيها، والدستور الذي اتاح انتخابك رئيسا يمنحني وكل العراقيين حق مكاشفتك وعتابك، بل توجيه النقد ومحاسبتك ايضا عما يتعلق بمنصبك ووظيفتك. فانت، بخلاف من سبقوك، اول رئيس للدولة العراقية ينتخب وفقا لدستور دائم، ونحن من اعطى لهذا الدستور شرعيته بالاستفتاء عليه في ١٥ تشرين الاول (اكتوبر) الماضي، ونحن ايضا من انتخبك الى منصبك في انتخابات ١٥ كانون الاول (ديسمبر).

انت، يا فخامة الرئيس، «رئيس الدولة ورمز وحدة الوطن، يمثل سيادة البلاد، ويسهر على ضمان الالتزام بالدستور، والمحافظة على استقلال العراق ووحدته وسلامة اراضيه»، كما نصت المادة ٦٤ من الدستور الدائم الذي استفتينا له واصبحت انت بموجبه رئيسا للجمهورية. لكن المؤسف،





يا فخامة الرئيس، انك انتهكت الدستور (المادة ٦٤ بالتحديد) منذ الساعة الاولى لتوليك مهامك.

نحن استفتينا لصالح هذا الدستور لانه يضع الاساس لقيام نظام ديمقراطي في العراق. وما حدث في ساعة تنصيبك يوم السبت الماضي، هو امر غير دستوري، لانه لا يضمن لاستقلال العراق وسيادته ووحدته وسلامة اراضيه، وانت مكلف بهذا الضمان. فإلى جانبك انتخب مجلس النواب نائبين لك اقسما اليمين معك.

اذا عدت، يا فخامة الرئيس، الى نص الدستور الذي كلفناك مهمة السهر على ضمان الالتزام به ستجد ان المادة ٦٦ تقول: «ثانيا: تنظم بقانون احكام اختيار نائب او اكثر لرئيس الجمهورية»، ولقد «انتخب» مجلس النواب نائبين لك من دون وجود القانون المنظم لهذه العملية. والادهى ان نائبيك اختيرا وفقا لصفقة سياسية جعلت من احدهما شيعيا ومن الثاني سنيا مثلما جعلت من رئيس مجلس النواب سنيا ونائبه الاول شيعيا.

هذه الصفقة تناهض النظام الديمقراطي الذي وعد الدستور باقامته، فهي تؤسس لنظام الطائفية السياسية، وهذا النظام يؤسس بدوره لخراب اكبر من الخراب الاسطوري، الذي خلّفه صدام حسين.

لماذا يتعين ان يكون لك نائبان؟ الدستور لا ينص على هذا، وحتى لو نص لماذا يتعين ان يكون اختيارهما على اساس طائفي، احدهما شيعي والاخر سني ما دمت انت كرديا؟ ولماذا يتعين ان يكون كل من هذين

النائبين عضوا في حزب طائفي؟ لماذا لا يكون لك نائب واحد، اكاديمي يتولى مهمة نشر العلوم والتكنولوجيا في بلادنا التي تخلفت قرونا عن الركب الحضاري، او عالم اجتماع يضطلع بمهمة ابراء مجتمعنا من علله الكثيرة واخراجه من ظلام الجهل والتخلف، او مثقف يعيد الى اداب العراق وفنونه ألقها الخابي، او سياسي وطني يعيد الاعتبار الى الوطنية العراقية التي اهانها صدام حسين طويلا ويهينها النظام الطائفي الحالي كل يوم وكل ساعة ايضا؟

الصفقة التي جعلت منك رئيسا كرديا بنائبين شيعي وسني ومن رئيس مجلس النواب سنيا بنائبين شيعي وكردي، ومن رئيس الوزراء شيعيا، وربما سيكون له نائبان احدهما سني والثاني كردي.. هذه الصفقة، يا فخامة الرئيس الساهر على «ضمان الالتزام بالدستور والمحافظة على استقلال العراق وسيادته ووحدته وسلامة اراضيه»، تغلق كل الابواب امام النظام الديمقراطي الذي ينشده الشعب العراقي منذ امد طويل، بل يحتاجه لحل مشاكله التاريخية ووضع حد لتاريخ جدّ طويل للعنف والدم والآلام.

واني ليشق عليّ ان يكون صديق لي يراد منه ان يسهر على الالتزام بهذه الصفقة اللعينة وليس الدستور المستفتى عليه. والسلام.

جريدة الشرق الاوسط العدد(١٠٠١٤) في ٢٩/٤/٢٠٠٥

# الرئيس طالباني لم يخرق الدستور

خليل عبدالله

نشرت صحيفة الشرق الاوسط في عددها ١٠٠١٤ في ٢٩/٤/٢٠٠٦ مقالا للكاتب العراقي المعروف وصديق شعب كردستان (عدنان حسين) بعنوان رسالة الى الرئيس طالباني، فالكاتب في مقال عتابي لصديق يقول ان الرئيس طالباني مع انتخابه انتهك المادتين (٦٤,٦٦) من الدستور العراقي الدائم، يبدو ان الكاتب اعتمد في كتابة مقاله على نسخة مسودة الدستور العراقي ولم يعتمد على النسخة المعدلة من الدستور العراقي الذي تم تعديل عدد من مواده قبل ايام من الاستفتاء عليه، حيث تم اضافة والغاء بعض المواد منه وقد نشر مجلس النواب النسخة المعدلة من الدستور ، فيما النسخة المعدلة من الدستور تم تغيير مادتين، اذ ان المادة ٦٤ اصبحت تحمل الرقم ٦٧ والمادة ٦٦ باتت بالرقم ٦٩ وان المادتين تم تغيير رقميهما فقط ومحتواهما ظلت كما هي في المادتين ٦٧،٦٩ كالاتي:

المادة (٦٧):

رئيس الجمهورية هو رئيس الدولة ورمز وحدة الوطن ويمثل سيادة البلاد ، يسهر على ضمان الالتزام بالدستور، والمحافظة على استقلال العراق، وسيادته، ووحدته، وسلامة اراضيه، وفقاً لاحكام الدستور.

المادة (٦٩):





أولاً ـ تنظم بقانون احكام الترشيح لمنصب رئيس الجمهورية.

ثانياً ـ تنظم بقانون احكام اختيار نائب أو أكثر لرئيس الجمهورية.

والمادتين اللتين يتصور الكاتب العراقي (عدنان حسين) بانهما قد اخترقتا من قبل رئيس الجمهورية، في الحقيقة ليس كما يعتقد الكاتب المذكور ،بل اعتقد بانه لم يقرأ هذه المادة وفقراتها التي وردت في الدستور بالدقة لان المادة ١٣٨ من الدستور علقت المادة ٦٩ وسوف لن يعمل بها خلال دورة الرئاسة لاربع السنوات القادمة.

المادة ١٣٨ من الدستور تقول:

اولاـ يحل تعبير (مجلس الرئاسة)محل تعبير(رئيس الجمهورية) اينما ورد في هذا الدستور ويعاد العمل بالاحكام الخاصة برئيس الجمهورية بعد دورة واحدة لاحقة لنفاذ هذا الدستور.

ثانيا:

أ. ينتخب مجلس النواب رئيسا للدولة ونائبين له يؤلفون مجلسا يسمى(مجلس الرئاسة) يتم انتخابه بقائمة واحدة وباغلبية الثلثين.

فاذا دققنا في الفقرة الاولى من المادة ١٣٨ من الدستور نرى ان الرئيس طالباني لم يخترق الدستور وبموجب هذه المادة يتم العمل بتعبير مجلس الرئاسة التي تتألف من رئيس الجمهورية ونائبيه في هذه الدورة لاربع سنوات الرئاسة ،حيث سيحل تعبير مجلس الرئاسة بدلا من رئيس الجمهورية اينما ورد في هذا الدستور،كما ان وبموجب هذه المادة في هذه الدورة الرئاسية لا يتم العمل بتعبير رئيس الجمهورية الذي ورد في المادة

٦٩ والذي يعتقد الكاتب والمثقف العراقي عدنان حسين بانها اخترقت وبموجب الفقرة الثانية من المادة ١٣٨ من الدستور يكون لرئيس الجمهورية نائبين ينتخبون بقائمة واحدة وباغلبية الاصوات ٣\٢ من اعضاء مجلس النواب وقد نال رئيس الجمهورية ونائبيه على اكثر من ٣\٢ من اصوات اعضاء مجلس النواب ،وهذا جرى وفق قاعدة دستورية ، اي على عكس ماذهب اليه الكاتب (عدنان حسين) الذي يقول ان اعضاء مجلس النواب اختاروا نائبين لرئيس الجمهورية من دون وجود قانون منظم لهذه العملية،وحول ما يشير له السيد عدنان حسين في مقالته ان النائبين اختيرا وفقا لصفقة سياسية،وهذا ايضالم يتم بهذه الطريقة لان الشخصين اللذين اختيرا كنائبين لرئيس الجمهورية مرشحان عن قائمتهما اللتين حصلتا على نسبة جيدة من الاصوات وينبغي ان يتم مراعاة الاستحقاق الانتخابي للمناصب السيادية.

## ربما أكبر من مجرد خرق!

عدنان حسين

نبّهني الحقوقي والصحافي الكردي العراقي (خليل عبد الله)، مشكورا، إلى أنني اعتمدت في الرسالة المفتوحة التي وجهتها إلى الرئيس (جلال طالباني) منذ أسبوعين نسخة للدستور العراقي الدائم غير تلك التي جرى الاستفتاء عليها في ١٥ اكتوبر (تشرين الأول) ٢٠٠٥.

وأشار السيد (عبد الله) إلى أن ما وصفتهما بالمادتين ٦٤ و٦٦ من الدستور، أصبحتا برقم ٦٧ ورقم ٦٩ على التوالي في النسخة المستفتى عليها، مؤكدا «ان المادتين تم تغيير رقميهما فقط ومحتواهما ظل كما هو». وزاد على هذا ان «المادة ١٣٨ من الدستور (المستفتى عليه) علقت المادة ٦٩، وسوف لن يعمل بها خلال دورة الرئاسة للسنوات الأربع القادمة»، وأن نص المادة ١٣٨ يقول:

«أولا ـ يحل تعبير «مجلس الرئاسة» محل تعبير «رئيس الجمهورية» أينما ورد في هذا الدستور، ويعاد العمل بالاحكام الخاصة برئيس الجمهورية بعد دورة واحدة لاحقة لنفاذ هذا الدستور.

ثانيا: أ ـ ينتخب مجلس النواب رئيسا للدولة ونائبين له يؤلفون مجلسا يسمى «مجلس الرئاسة»، يتم انتخابه بقائمة واحدة وبأغلبية الثلثين».





وأوضح السيد (عبد الله) أن مسوّدة الدستور تعرضت لآخر تعديل «قبل يومين من الاستفتاء على الدستور، بناء على طلب ممثلي العرب السنة».

وبودّي الإيضاح أن النص الذي استندت اليه، هو الذي ما زال حتى اليوم منشورا في الموقع الالكتروني للحكومة العراقية الانتقالية. وبإمكان أي شخص أن يفتح هذا الموقع:

(www.iraqigovernment.org)

ليجد نافذة بعنوان «الدستور العراقي»، فإذا ما نقر عليها سينفتح له «نص الدستور المقدم الى الأمم المتحدة، والذي سيصوت عليه في ١٥ تشرين الأول ٢٠٠٥»، فيما يوجد في موقع الرئاسة العراقية:

(www.iraqipresidency.net)

ضمن نافذة «وثائق»: «النص الكامل لمسوّدة الدستور العراقي المقدمة إلى الجمعية الوطنية العراقية» بتاريخ ٤ سبتمير (أيلول) ٢٠٠٥.

وإذا كانت رسالتي إلى الرئيس (طالباني) قد لاحظت خرقا للدستور في تشكيل رئاسة الدولة، وقبلها رئاسة البرلمان ومن ثم رئاسة الوزراء، اعتمادا على صفقة سياسية تؤسس لنظام الطائفية السياسية الذي يحظره الدستور نفسه، فنحن الآن إزاء ما يبدو أكبر وأدهى وأمرّ من مجرد خرق لمادة واحدة في الدستور.. إننا ربما بإزاء عملية هي بالكامل غير دستورية. فالدستور لا يكتسب شرعيته إلا بعد الاستفتاء عليه، ومن شروط الاستفتاء أن يجري عرض النص الكامل لمسوّدة الدستور، بتعديلاتها

المختلفة، على الشعب قبل فترة مناسبة تمكنه من الاطلاع على نحو حسن على النص المقدم إليه، لكي يتخذ قراره الحر بقبول هذا النص أو رفضه. وبالتأكيد لم يطلع الشعب العراقي على آخر التعديلات، فالاوضاع الامنية والانقطاع المتواصل للتيار الكهربائي ومحدودية توزيع الصحف، كلها تعوّق عملية تدفق المعلومات في العراق. ولنلاحظ ان الحكومة الانتقالية لم يتح لها الوقت لكي تنشر على موقعها النص الاخير المعدل.

إن أي مطعنة، مهما كانت صغيرة ومحدودة، في عملية الاستفتاء، تعني أن كل ما ترتب على الاستفتاء غير شرعي، من انتخابات مجلس النواب في ١٥ كانون الأول (ديسمبر) الماضي، إلى عملية تشكيل الحكومة الجديدة برئاسة السيد (نوري المالكي)، مرورا بعملية تشكيل هيئة رئاسة البرلمان ورئاسة الدولة.

لستُ في موقع من يطعن في شرعية العملية الدستورية برمتها، لكنني أثير شبهة لكي يدلي الخبراء في القانون الدستوري والقانون العام برأيهم ليقطعوا الشك باليقين، وهي شبهة تستند الى واقعة أن مسوّدة الدستور التي جرى الاستفتاء عليها قد عُدّلت في الساعات الأخيرة، وأن الشعب لم يُعطَ الوقت الكافي للاطلاع على هذه التعديلات.

أظن أن القضية تستحق الطرح والتدقيق والتمحيص ما دمنا نريد بناء نظام ديمقراطي في العراق مستند الى الشرعية، وبعيد عن أي شبهة. وأتوقع أن يدعم الرئيس (طالباني) وسواه من السياسيين المهتمين





بالانتقال بالعراق، من حكم شريعة الغاب على مدى نصف قرن، الى حكم القانون، دعوتي هذه التي أفترض أيضا أن أهل القانون سيعنون بها لأنها من اختصاصهم.

جريدة الشرق الاوسط العدد ١٠٠٢٨في ١٣/٥/٢٠٠٦